# ڕێگای گەل

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League
کومیتەی کوردستان
Committee of Kurdistan

ڕێبەندانی ١٣٩٠   ژمارەی ٦١


## بەرز و بەرێز بێت 19 ی ڕێبەندان ساڵرۆژی ڕەستاخیزی سووری سیاکەڵ , ڕۆژی سەرهەڵدانی ڕەق و کینی خەڵك , ڕۆژێك کە لە سەر لێوی مرۆڤەکان لە شەوقی ڕەستاخیز سەدان سرود دەنگی دایەوە !



## لەم ژمارەیەدا ......


پەیامی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست بە بۆنەی سی و سێهەمین سالرۆژی ڕاپەرینی ڕێبەندان و چل و یەکەمین سالڕۆژی ڕەستاخیزی سیاکەڵ!    لاپەرەی ٢

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئێران    لاپەرەی ٦

ڕاپەڕین و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد (    لاپەرەی ٨

سیاکەڵ , ڕەنگدانەوەی ئیرادە و کردەوەی شۆڕشگێڕانە    لاپەرەی ١٠

خەباتی خەڵکی تورکمەن بە بۆنەی 19ی ڕێبەندان و داسەپاندنی شەری دووهەم بە سەر خەڵکی تورکمەن    لاپەرەی ١٢

2ی ڕێبەندان لە پاش 65    لاپەرەی ١٥

یادوارەی گولسورخی و دانەشیان    لاپەرەی ١٦


## بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی , دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !

# پەیامی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست
# بە بۆنەی سی و سێهەمین سالرۆژی راپەرینی ڕێبەندان و چل و یەکەمین ساڵرۆژی ڕەستاخیزی سیاکەڵ!

کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرانسەری ئێران !

سی و سێ ساڵ بە سەر راپەرینی کۆمەلانی خەڵکی ئێران لە 22 ی ڕێبەندانی 57 کە دام و دەزگای نەفرەت لێکراوی سیستەمی سەڵتەنەتی ی لە ئێراندا هەڵپێچا ، تێپەر بوو . کاتێک کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوەی خەڵکی ئێران لەم رۆژە مێژووئیە و لە بیر نەکراوەدا ، بە هەست و داهێنانی سەر سوور هێنەر و بەوەرەی پر لە قارەمانەتی ، لە خۆ بردوویی و گیان فیدایی دەستیان دایە راپەرینی چەکدارانە تاکو ستەمکاران بە قەهری شۆرشگێرانە بڕووخێنن ، هەموو وجودی راپەریون پر لە هیوا و ئارەزو بوو .

ئەوانە لەوەی بیریان دەکرد کە نە تەنیا دام و دەزگای زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی رژیمی شا بڕووخێ ، بەڵکو لە سەر وێرانەکانی کوشکی ستەمکاران ، کۆمەڵگای مورەفە و ئاسوودە و خالی لە ستەم و چەوساندنەوە بنیات بنەن . بەلام ئێستا کە پاش تێپەر بوونی سی و سێ ساڵ لە راپەین ، هەر کرێکار و زەحمەتکێشی ستەم لێکراو و چەوساوە بە باشی دەبینێ کە بە جێگای رژیمی ستەمکاری سەڵتەنەتی شا ، رژیمی ستەمکاری کۆماری ئیسلامی کە وەک رژیمی شا پاسەوان و پارێزەری قازانجەکانی چینی سەرمایەدار ، پشتیوانی قازانجەکانی دەوڵەمەندان ، چەوسێنەران و ستەمکاران و دوژمنی سوێند خواردوی کرێکاران و زەحمەتکێشانە ، دامەزراوە . رژیمێک کە هەنگاو بە هەنگاو دەسکەوتەکانی گەورەی کۆمەلانی خەڵکی لە شۆرشدا لە ئەوان زەوت کرد و ئاکامەکانی ئەوە هەموو قارەمانی و حەماسە خۆڵقاندنەی کۆمەلانی لە ژێر پێ دانا . سەرکردەکانی دواکەوتووی رژیمی کۆماری ئیسلامی کە کاتێک بۆ فریودانی خەڵک وەعدو بەڵێنی ریفاه و ئازادی و خۆشبەختی ی دەدان ، ئێستا کە چی تر نزیک بە سی و سێ ساڵ کە پەردەکان لادراون و بۆ سەرکوتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەانسەری ئێران رژیمی خەفەقان و تیروریان دامەزراندوە .کۆنە پەرەستانی حاکیم بە بەر قەرار کردنی حکومەتی دیکتاتوری تیروریستی هەوسار پساو تەنانەت سەرەتائیترین مافەکانی مەدنی و ئینسانی ی لە کۆمەلانی خەڵک زەوت کرد .

بوارەکانی ئەم دیکتاتوری و سەرکوتە گەیشتووتە ئەو ئاستەی کە تەنانەت ژیانی خسوسی خەڵکیشی لە دەستێوەردانەکانی پولیسی – جاسوسی رژیم بە دوور نەماوە .

ستەم و خۆ بە زل زانینی رژیم ئەو ئاستەی گەیشتووە کە بووەتە هۆی نارەزایەتی جیهانی بە نیسبەت کوشتار و ئەشکنجەی زیندانیان و بێ مافی خەڵک . لە دەیەی شەستدا زیندانەکانی رژیم پر بوو لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێر کە تاوانی ئەوان تەنها دیفاع لە دیموکراسی و ئازادی و دیفاع لە قازانجەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو . ژمارە گیراوانی ئەو ساڵانە گەیشتە سەدان هەزار کەس . تەنها لە ماوەی هەفت ساڵ دەیان هەزاران کەس لە شۆرشگێرانی ئێران ئیعدام کرا ن . نە تەنیا کۆمەلانی کرێکار بەڵکو توێژەکانی تری کۆمەڵگایش هەر کام بەشێوەیەک لە ژێر ستەم و زوڵمی رژیمی کۆماری ئیسلامیدان . هەموو نەتەوەکانی نیشتە جێ لە ئێران ، هەموو کەمینە مەزهەبیەکان و کەمینە قەومیەکانیش بێ بەشن لە مافەکانی کۆمەڵایەتی – ئینسانی خۆیاندا و هەر چرکە و کاتژمێر دا لە ژێر ستەمی ئەم رژیمە دان . هەلومەرجی ژیانی مادی کۆمەلانی خەڵکیش هیچ کات وەک ئەمرۆ خراپ و نالە بار نەبووە .

کرێکارانی ئێران کە بەتووندی دەچەوسێنەوە و بێکاری لە رادە بەدەر بووە ، لە گەڵ هەژاری و نەداری رووبەروون و هەلومەرجی ژیانی ئەوان بەردەوام خراپتر و نالە بارتر دەبێ .کەم بوونی پیداویستیەکانی رۆژانەی زەحمەتکێشان ، گران بوونی نرخی کەلوپەلەکان ، داسەپاندنی هەزینەکانی گەمارۆی ئابووری بە سەر شانی کۆمەلانی خەڵک ، ژیانی کۆمەلانی خەڵک و هەموو زەحمەتکێشانی سەختر و دژوارتر کردووە .

رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەورەیی خوازانەی خۆیدا و هەروەها ئامانجەکانی تالانگەری ئیمپریالیزم درێژە پێدەری قەیرانێکە کە جگە لە هەژاری زیاتر بۆ کۆمەلانی خەڵک ئاکامێکی تری نەبووە . هەموو رۆژە ملیاردەها تومەن لە سروەتی کۆمەڵگا ، لە بەرهەمی دەس رەنجی کرێکارانی ئێران بە دەم باوە دەچێ و بۆ دابین کردنی هەزینەکانی تەسلیحاتی دەچێتە گیرفانی ئیمپریالیستەکان . خەڵکی ئێران دەبێ لە هەژاری و ماڵ وێرانی بن ، تاکو گیرفانی سەرمایەدارانی ئێرانی و خاوەنەکانی سەنعەتەکانی نیزامی لە ئەمریکا ، ئالمان ،ئیسرائیل و ... پڕ بێت .

رژیمی کۆماری ئسلامی نە تەنیا رژیمی تیرور و خەفەقانی بەرپا کردووە ، نە تەنیا پەرەی داوەتە هەژاری و چارە رەشی گشتی خەڵک ، بەڵکو سوڵتەی ئیمپریالیزمی لە ئێران بەهێز

کردووە و ئاڵقەکانی وابەستەگیی تووندتر کردووتەوە .

ڕێککەوتننامەکانی خەفەت باری ئەم ڕژیمە لە گەڵ دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی ئابووری لە گەڵ ئەو دەوڵەتانە و هەروەها دەوڵەتانی دواکەوتووی سەر بە ئیمپریالیزم وەک پاکیستان و تورکیە و ... نیشانی دەدا کە تا چە ڕادەیەک ئەم ڕژیمە بۆ ئامانجەکانی ئیمپریالیزم هەنگاو هەڵدەگرێ . بە کورتی ئەمەی کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی پارێزەر و پشتیوانی قازانجی سەرمایەداران , پارێزەری دوڵەتی ئیمپریالیزم , بەرگری کەری دیکتاتوری و سەرکوت و دوژمنی سوێند خواردوی کرێکاران و هەموو کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ئێرانە . ئەمە ڕژیمە لە مەودای سی و سێ ساڵ جگە لە هەژاری و چارە ڕەشی و قەیرانەکانی بردەوام , دیکتاتوری و سەرکوت و کوشتار دەربەدەری و ئاوارە بوونی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ئێران کە لە شەری ستەمکاری ئەم ڕژیمە چوونەتە ولاتانی تر بۆ پەناهەندە بوون , هیچی تری بۆ خەڵک نەبووە , و بۆ ئەمە کە زۆربەی خەڵک پشتیان کردووتە ڕژیم و خوازیاری ڕووخاندنی ئەون .وەزعی ئابووری و سیاسی ڕژیم بە گشتی لە حاڵی قەیران دایە و نیشاندەری سستی و ناپایەداری ئەم ڕژیمەیە کە سەرە ڕای سەرکوتی هەوسار پساو دا و لایەنگری ولاتانی ئیمپریالیستی لە ئەودا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنی و ئەمە سەڵمێنەری ئەم ڕاستیەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەرە ڕای ئەو کارەساتانەی کە خۆلقاندوویەتی و بەوجودی ئەوەی کە سەرکوت و وەحشیگەری خۆی گەیاندووتە بەرزترین ئاستی خۆیدا , بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ورەی شۆرشگێرانە , خەباتگێرانە خۆراگری و لە خۆ بردوویی لە ناو خەڵک لە ناو ببات .

ڕژیم هەر بزووتنەوەیکی نارەزایی کۆمەلانی خەڵکی بەشێوەیکی بێ ڕەحمانە سەرکوت دەکات , دەیان هەزار شۆرشگێری گرت . هەزاران شۆرشگێری ئیعدام کردووە , وەحشیانەترین شێوەکانی ئەشکنجە , ترس و توقاندن بە کار دێنێ . بەڵام نارەزایی و خەبات بەرداوام درێژەی هەیە . کرێکارانی ئێران , کارخانەکانیان کردووتە سەنگەری خەبات . مانگرتن و شێوازەکانی تری خەبات بەردەوام لە کارخانەکان درێژەی هەیە . بروسکەکانی ڕق و تورەیی کۆ کراوەی کۆمەلانی خەڵک هەموو جار لێرە و لەوێ دا دەدرەوشێ . خەڵکی قارەمان و خۆراگری کورد هەروا قایم و خۆراگر درێژە بە خەباتی چەکداری دژی ڕژیم دەدات . هەموو ئەم ڕاستیانە نیشاندەری ئەم ڕاستیەیە کە ڕژیم نەیتوانیوە وەری شۆرشگێرانەی کۆمەلانی خەڵک تێک بشکێنێ و زۆر نەماوە کە بلیسەکانی وق و تورەیی شۆرشگێرانەی خەڵک ببێتە ئاگرێکی گەورە و تۆماری نەفرەت لێکراوی ئەم ڕژیمە هەڵپێچێتەوە .

بەڵام کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران بێ گومان ئەم جارە بە سوود وەرگرتن لە تەجروبەکانی گەورەی کە لە مەودای چەند ساڵی ڕابردوو بە دەستیان هێناوە و ئەزموونەکانی بە نرخی کە شۆرش بە ئەوانیان بەخشیوە , رادەپەرن .کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران بە باشی تێگەیشتوون کە متمانە کردنی سەرچاوە گرتوو لە زوو براو پێ کردن چ دەرد و ڕەنجێک بۆ ئەوان بە دیاری هێناوە . شۆرش فێری ئەوانی کرد مادام کە دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی خۆدی کرێکاران و زەحمەتکێشان نەبێ , و کۆمەلانی خەڵکی چەکدار لە ڕێگای شووراکانی خۆیان حوکم نەکەن , دەسکەوتەکانی هەموو قارەمانیەکان , لە خۆ بردووئیەکان و دەسکەوتەکانی شۆرشگێرانەی ئەوان لە ناو دەچێت . تەجرووبەی سی و سێ ساڵی ڕابردوو دەبێ فێری کۆمەلانی خەڵکی کردە بێت کە ئەگەر چینی کرێکار ڕێبەری شۆرش بە دەستەوە نەگرێ , هەر گۆرانکارێک کە لە ئێران ڕوو بدات هێشتا هەموو دەرد و مەینەت و کارەساتەکانی ڕژیمی شا و کۆماری ئیسلامی دووپات دەکرێتەوە .ئەمرۆکە کەم نین ئەو کەسانەی کە وەعد و بەلێنی ڕیفاه وە ئاسوودەیی و ئازادی و خۆشبەختی دەدەنە کۆمەلانی خەڵکی ستەم لێکراوی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە . سەڵتەنەت خوازان واتە بەکرێگیراوانی ئامرازی دەستی ئیمپریالیزم و لایەنگری هەمیشەیی چینی سەرمایەدار کە ساڵە ها زوڵم و ستەمیان کردە خەڵکی ئێران و زەحمەتکێشان , بۆ جارێکی تر لە کونەکانیان وەدەر هاتوون و وەعدو بەلین دەدەنە خەڵک . بەڵام کیە کە لە دوژمەنی ئەم دارو دەستەیە بە نیسبەت کرێکاران و زەحمەتکێشان تووشی شک و گومان بێت ؟ کیە کە ئاگای نەبێت لە جنایەتەکانی ئەمانە ؟ و کام مرۆڤی زەحمەتکێشە کە لە ناوەرۆکی پیسی ئەمانە تێنەگات ؟ یان بڕووانە لایەنگری (( شووڕای میللی موقاوەمەت )) کە لە سەرەوەی ئەوان جنایەتکارێک وەک بەنی سەدر واتە بکوژی خەڵکی کوردستان , تورکمەن سەحرا , خوێندکاران , کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو کە بەرنامەی خۆی دیفاع لە سەرمایەداران و پاراستنی سیستەمی مەجود دانابوو . ئەمانەیش وەعدەی ئازادی و دیموکراسی بە خەڵک دەدەن . بەڵام هیچ بڕوایکیان بە دیموکراسی نیە , لە بەر ئەوەی کە بڕوایان نیە بە یەکەمین و ئەساسی ترین ئەسلی

دیموکراسی واتە بەڕێوە چوونی حاکمیەتی کۆمەڵانی چەکداری خەڵک لە ڕێگای شووراکانەوە و دیسان ئەیانەوێ کۆمارێکی تری ئیسلامی دامەزرێنن .

ڕەوتی سەوزیش پاش هەرا و هوریای زۆر و پشتیوانی دەرەکی تا ڕادەیەک توانی بە سەر شەپۆلی نارەزایی خەڵک سوار بێت و ڕێبەری چەند حەرەکەتێک بە دەستەوە بگرێ . بەڵام زۆری نەخایاند کە بۆ خەڵک دەرکەوت کە ئەمانیش خوازیاری گۆڕانکاری نین و تەنها داواکاری ئەوان بەشدار بوون لە حاکمیەتە کە لە هەلومەرجی ئێستادا خەڵک خوازیاری ڕووخاندنی ئەون . بالی لیبراڵ لە مەودای چەند دەیە حاکمیەتی خۆی لە کاتی کە موسەوی سەرۆک وەزیران بوو و لە ڕەشترین دەورانی مێژووی هاوچەرخی ئێران کە هەر ئەو کاتە بێت بە ناوی دەورانی زێڕین یاد دەکات تاکو دەورانی پەروار بوونی سەرمایەدارانی ناوخۆیی و دەرەوە لە کاتی حوکمرانی سەرداری سازندەگی ؟! هاشمی ڕەفسنجانی لە بەرنامەیکی سیاسی – ئابووری دواکەوتووانە پەیرەویان کرد کە ئاکامی ئەو تەنها نەداری و ڕۆژڕەشی هەر چی زیاتر بۆ خەڵکی چەوساوە و بەش مەینەت بوو . و ئێمە ئەوان هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستا و لە داهاتوویش دوژمنی خەڵک دەزانین و بڕوامان بەوەیە کە سەرکردەکانی ئەوان دەبێ بە تاوانی جورم و جنایەت بە توندی سزا بدرێن . مێژوو هیچ کات ساڵەکانی 60 تاکو 67 لە بیر ناکات . خەڵک ناتوانێ خاوەران لە بیر بکات . خەڵک لە بیری ئەودایە تا چەکی خۆی حازر بکات بۆ ڕۆژی تولەسەندنەوە .

بەڵام شۆڕش دەبێ فێری کۆمەڵانی خەڵکی کردە بێت کە تەنها متمانە بەو کەسانە بکەن کە لە بەرنامە و کردەوەدا دیفاع لە قازانجەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بکەن و خوازیاری دامەزراندنی دیموکراسیەکی ڕاستەقینەن و تەنیا ڕێکخراوێ کە لە مەودای 41 ساڵ خەباتی بەردەوام نیشانی داوە کە بۆ ساتێکیش لە دیفاع لە قازانجەکانی کرێکاران و زەحمەتکیشان پاشە کشەی نەکردووە و لەم قۆناخەدایش خوازیاری دامەزراندنی ڕژێمیکی بەراستی شۆڕشگێر و

**بەرنامەی ئێمە خوازیاری لە ناو بردنی هەر چەشنە جیاوازی و ستەمی ڕەگەزی , جینسی , قەمی و نەتەوەیی , بەرەسمی ناسینی بێ قەید و مەرجی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ژێر ستەمی ئێران و تەزمینی ئازادیەکانی سیاسیە .**

دیموکراتیکە . ڕێکخراوی ئێمە کە چل و یەکەمین دامەزراندنی ئەو لەگەڵ 19ی ڕێبەندان واتە ساڵرۆژی خوڵقاندنی حەماسە لە لایەن فیدائیانی گەل لە سیاکەڵ لەرێ یە , لە مەودای خەباتی بێ وەچان و بە بەرنامە و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا شایستەی ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵک متمانەی پێ بکەن . چل و یەک ساڵ لە مەوبەر هاوڕێانی ئێمە لە یەکێک لە ڕەش ترین دەورانەکانی مێژووی ئێراندا دەستیان دایە خەباتێکی حەماسەیی بە دژی ڕژیمی شا و نەریتی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەنیستەکانی ئێرانیان زیندوو کردەوە .

لەو کاتەوە تاکو ئێستا , دیفاعی ڕێکخراوی ئێمە لە قازانجەکانی کرێکاران و خەبات بۆ دیموکراسی و سوسیالیزم لە هیچ کەسێک شاراوە نیە . هەزاران فیدایی کە لەم مەودایە لە خەبات بە دژی ڕژیمی شا و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی گیانیان بەخت کردووە و یان لە زیندانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەند کراون , وەفاداری خۆیان بە ئارمانی کرێکاران و زەحمەتکێشان نە لە قسە دا بەڵکو بەکردەوە نیشان داون . ڕاستی و دروستی قسە و کردەوە , شێوازی و هەڵویستی ئێمە خۆی لە تەجرووبەی کۆمەڵانی خەڵک نیشان داوە . ڕێکخراوی ئێمە لە ڕۆژی پاش ڕاپەرین واتە کاتێک زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک لە ناوەرۆکی دواکەوتووانە و دژی شۆڕشی ڕژیم تێ نەگەیشتبوون , ناوەرۆکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا کرد و شان بە شانی کۆمەڵانی خەڵک لە دەسکەوتەکانی شۆڕش دیفاع بکەن بە تەواوی دیفاعی کرد و بە هەموو توانایەوە پشتیوانی کرد لە داخوازیەکانی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان . ڕێکخراوی ئێمە ناوەرۆکی ڕیسوای حیزبی توودە و خائینە ئەکسەریەتیەکانی کە تێدەکۆشان خەڵک فریو بدەن و ڕژیمی دواکەوتوی حاکیم پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێر بناسێنن , ئاشکرا کرد . ڕێکخراوی ئێمە , پاش سی ساڵ کە لە پێکهێنانی شووڕای میللی موقاومەت تێپەڕ بووە , بەدەوام ناوەرۆک , ئامانجەکان و بەرنامەی ئەوانی ئاشکرا کردووە و نیشانی داوە کە کۆماری دیموکراتیکی ئیسلامی ئەمانە هیچ جیاوازێکی نیە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی خومەینی . ڕێکخراوی ئێمە لە بەرنامە و لە کردەوە دا نیشانی داوە کە سووڕترین خەباتگێری ڕێگای ڕزگاری , دیموکراسی و سوسیالیزمە . ڕێکخراوی فیدایی کە لە ئەساسدا ئامانجەکان و قازانجەکانی جیا لە ئامانج و قازانجەکانی چینی کرێکاری نیە و ئامانجی دوا ڕۆژی خۆی ڕووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری لە لایەن

چینی کرێکار و دامەزراندنی کۆمەڵگایکی سوسیالیستی خاڵی لە هەر چەشنە ستەم و چەوساندنەوە داناوە , ئامانجی خێرای خۆی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری فیدراتیوی شووڕایی داناوە , کە خێراترین داخوازی دیموکراتیک – دژی ئیمپریالیستی و ریفاهی کۆمەڵانی خەڵک بە خێرایی وەدی بێنێ .کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی لە دیکتاتوری , خەفەقان و سەرکوتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەزاڵ هاتوون و خوازیاری دامەزراندنی ڕژیمێکی دیموکراتیک لە ئێراندان . بەرنامەی خێرای ئێمە خوازیاری دامەزراندنی ڕژیمێکی بە ڕاستی دیموکراتیک لە ڕێگای تێک شکاندنی هەموو ئورگانەکانی سەرکوت و جاسوسی , نیزامی و بوروکراتیکی مەوجود و بەڕێوە چوونی حاکمیەتی خەڵکی لە ڕێگای شووراکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کۆمەڵانی خەڵکی چەکدارە . بەرنامەی ئێمە خوازیاری لە ناو بردنی هەر چەشنە جیاوازی و ستەمی ڕەگەزی , جینسی , قەمی و نەتەوەیی , بەرەسمی ناسینی بێ قەید و مەرجی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ژێر ستەمی ئێران و تەزمینی ئازادیەکانی سیاسیە . لە بەرنامەی ئێمە دا حەتمی ترین خەبات بە دژی ئیمپریالیزم و پێگەی ناوخۆیی ئەو واتە بورژوازی سەر بە ئەوە و میللی کردنی هەموو سەنعەت و دامەزراوەکانی بورژوازی گەورە و پاوانخوازیەکانی ئیمپریالیستی , ڕەت کردن و ئاشکرا کردنی ڕێککەوتن نامەکانی ئیمپریالیستی و کونترۆڵی شووراکانی کرێکاری بە سەر بەرهەم هێنان و دابەشکردنە , داوا کراوە .

کار نیە , نان نیە , هەژاری بە تەواوی بە سەر کۆمەڵگادا زاڵە . ئێمە حەتمی ترین بەرنامە بۆ دابین کردنی کار و ریفاهی گشتی پێشکەش کردووین . ئەنجامی ئەم بەرنامەیە لە گیرەوی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری فیدراتیوی شووڕائیە . هیچ گومانێک نیە کە کۆمەڵانی زەحمەتکێشی وڵاتی ئێمە بە دوای ئەو هەموو خەبات و قارەمانیە دا ناتوانن نەنگی مانەوەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تەحمول بکەن .

**تەنها ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری فیدراتیوی شووڕایی دەتوانێ وەڵامدەری داخوازیەکانی شۆڕشگێڕانە, دیموکراتیك و ریفاهی بێت .**

کرێکاران و زەحمەتکێشانێک کە بە هێز و توانانی خۆیان ڕژیمی سەڵتەنەتی شا بەو هەموو هێز و سەرکوت و توانای نیزامی ڕووخاند , دەتوانن ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش بڕوخێنن و لە گری دا بنێن .

کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران !

ڕوشنبیرانی شۆڕشگێڕ !

پیاوان و ژنانی کە هەموو ڕۆژێک هەست بە ستەمی ڕژیمی کۆماری ئسلامی دەکەن , بۆ شەری کۆتایی بە دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاپەڕن ! و بۆ ڕاپەرینێکی تر بە دژی ڕژیمی ستەمکاری و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی خۆ ئامادە بکەن .

کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێران !

بە ڕێبەری چینی کرێکار , ئەم چینە شۆڕشگێر و سازش هەڵنەگرە کە مێژوو ئەرکی گۆرانکاریەکانی گەورەی دەورانی ئێمە و دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێی سوسیالیستی لە ئەستو داناوە و بە دەوری ئالا و بەرنامەی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست کە هەمان ئالای سووری ڕزگاریدەری کرێکارانی ئێرانە بۆ پەیکاری یەکجاری بە دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەستن !

سەربازان و پورسنلی شۆڕشگێری ئەرتش !

نزیک بە چوار دەیە قەیران و شەر بە ئێوەی سەلماندووە کە ئامانجەکانی فرەخوازانە و خۆ بە زل زانانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە جەهەتی قازانجەکانی سەرمایەداران و ئیمپریالیزمە . تفەنگەکانی خۆتان بەرەو لای ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بگەڕێننەوە !

کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران ! , گوردانی پێشرەوی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک ! کومیتەکانی نهێنی مانگرتن بۆ بەرپاکردنی مانگرتنێکی گشتی سیاسی دامەزرێنن ! لە ناو کارخانەکان مان بگرن و خوتان بۆ ڕاپەرینی چەکدارانە ئامادە بکەن .

ماموستایان و قوتابیانی شۆڕشگێر و خەباتیگر ! قوتابخانەکان بکەن بە سەنگەری خەباتی بەردەوام بە دژی ڕژیم ! کومیتەکانی نهێنی مانگرتن و شانەکانی موقاوەمەت ڕێک بخەن و ڕۆڵی شۆڕشگێری خۆتان لە بزووتنەوە بگیرن !

جووتیارانی زەحمەتکێش !

تەنها ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی کۆماری فیدراتیوی شووڕایی دەتوانێ وەڵامدەری داخوازیەکانی شۆڕشگێڕانەی دیموکراتیک و ریفاهی ئێوە بێت . وەک هاوپەیمانی نزیکی چینی کرێکار لە شۆڕش , بە دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاپەڕن !

ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراو ! لایەنگرانی پێداگری چینی کرێکار , خەباتگێرانی ڕێگای سوسیالیزم ! هەروا کە تاکو ئێستا بە قارەمانی و لە خۆ بردوویی لە ریزی پێشەوەدا بە دژی دوژمنانی چینایەتی پەیکارتان کردووە و ئالای سووری ئارمانەکانی بەرزی کرێکارانتان شەکاوە ڕاگرتووە و حەماسە تان خوڵقاندووە بە

پێداگری تەواو درێژە بە خەبات بدەن !
چینی کرێکار پتەوتر بکەن . کارخانەکان بکەن بە سەنگەر خوتان و کرێکاران ! . خائینان بە ئارمانەکانی کرێکاران , دۆستانی درۆیین خەڵک و هەموو لایەنگرانی ئاشکرا و ناآشکرای سیستەمی مەوجود بە شێوەیکی بێ ڕەحمانە ئاشکرا بکەن ! بەرنامەی شۆڕشگێرانە ڕێکخراو بەشێوەیکی بەربلاو ببەنە ناو کۆمەلآنی خەڵک و پەرە بدەنە چالاکیەکانی تەبلیغی خۆتان بە دژی سیستەمی سیاسی - ئابووری مەجود . دروشمەکانی ڕێکخراو لە سەر دەرگا و دیوار بنوسن . لە بیر نەکەن کە هێزی ئێمە لە ڕێکخستن و تێگەیشتنی کرێکاران دایە و هیچ هێزێک ناتوانێ لە بەرانبەر هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان موقاوەمەت بکات .بزانن کە سەرکوتنی ئێمە و شکستی دواکەوتوان حەتمیە .

شانازی بۆ چینی کرێکار , خەباتگێری سوور و خۆراگر !

شانازی بۆ هەزاران فیدایی کە قارەمانانە لە زیندانەکانی ڕژیم و لە بەرانبەر دەستەکانی تیرباران بە ئارمانەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان وەفادار مانەوە .

شانازی بۆ هەموو خەباتگێران و شۆڕشگێرانێک کە بە دژی ڕژیم پەیکار دەکەن !

بژی شۆڕش !

بژی سوسیالیزم!

مەرگ و نەمان بۆ سەرمایەداران و هەموو دواکەوتووان !

مەرگ و نەمان بۆ خائینان و سازش کاران !

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی , دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی

کومیتەی کوردستان , ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست !

# درباره « انتخابات »مجلس شورای اسلامی

توده های مردم زحمتکش ایران ؛ کارگران ، زحمتکشان ، زنان ، جوانان ، دانشجویان..

چندروزی بیشتر به موعد برگزاری «انتخابات» مجلس شورای اسلامی ایران باقی نمانده است . بلندگوهای مراکز تبلیغاتی و رسانه ای جمهوری اسلامی ازمدتها قبل تبلیغات خودرا حول «انتخابات» بمنظور داغ کردن تنور آن تشدید کرده اند و نسبت به آزاد بودن انتخابات اطمینان میدهند و ازمردم دعوت میکنند تا به شکل گسترده ای در«انتخابات» شرکت کنند.

اینکه «انتخابات» درجوامعی که اقلیتی از ثروتمندان قدرت اقتصادی و به تبع آن قدرت سیاسی رادردست دارند مضحکه ای بیش نیست ،کمترین شبهه ای وجودندارد. امروز با توجه به تکامل وسایل ارتباط جمعی و دست یابی نسبتا آسانتر توده های مردم به اخبار و اطلاعات عمومی درباره چگونگی برگزاری «انتخابات» ازاد درکشورهای اروپائی و آمریکا ، مبین همین واقعت است که حتی دراین کشورهای پیشرفته سرمایه داری بدون خرج میلیونها دلار از طرف کاندیداهای نمایندگی و نیز بدون پشتیبانی شرکت های غول پیکری که بر مدیا ها و رسانه های جمعی این کشورها حکومت میکنند، شانسی برای انتخاب شدن وجود ندارد.

اما در جمهوری اسلامی ما، سردمداران حکومت درهنگام انتخابات علاوه برکاربست همه ترفند ها وعوامفریبیهای رایج درنظامات سرمایه داری ، ازعقب مانده ترین مناسبات و هیرارشی مذهبی وارگانهای ابداعی خود استفاده میکنند تا انتخابات فرمایشی خود را به لباس «انتخابات آزاد»اراسته سازند . اینکه کاندید های انتخابات باید پی رو مبانی شرع ان هم از نوع شیعه دوازده امامی بوده و به نظام ولایت فقیه مومن ومعتقد باشند و..هنوز کافی نیست .کاندیدها برغم قبول قانون اساسی و سابقه ذوب شدن درولایت فقیه از جمله باید از چندین فیلتر گذشته باشند و بدوا صلاحیت آنها مورد تائید ارگانهای متعدد حاکمیت قرارگرفته باشد تا بتوانند بعنوان کاندید «انتخابات» ظاهرشوند و بطریق اولی حاکمیت عده ای را دستچنین میکند و سپس از رای دهندگان میخواهد تا به یکی از آنها رای بدهند.البته تجربه نشان داده است که دردستگاه ولایت فقیه، این هم فورمالیته ای بیش نیست چراکه ازدرون ازفیلترگذشتگان هم تنها آنهائی باید ازصندوقها بیرون بیایند که قبلا چنین حکمی برای آنها صادرشده است. تقلب درانتخابات ریاست جمهوری درسال 88 ودست کاری درآرای ریخته شده به صندوقها که با اعتراضات گسترده ای درسطح جامعه مواجه شد، از نمونه های بارز آن است .

اکنون بویژه بعد ازمضحکه انتخابات ریاست جمهوری در سال 88 وسرکوب خونین اعتراضات مرم ، برناآگاه ترین بخش جامعه هم آشکار شده است که انتخابات درجمهوری اسلامی فریبی بیش نیست . امروزصاحبان قدرت و ثروت درایران حاضرنیستند حتی

ازجناح های درونی وذوب شدگان درولایت فقیه هم بمنظور داغ کردن تنور انتخابات و مشروعیت بخشیدن به آن استفاده کرده آنها را درتقسیم قدرت سهیم سازند تاچه رسد به بقیه مردم که هرندای آزادی خواهانه آنها با سرکوب و زندان واعدام مواجه میشود.

بنا براین شرکت درچنین « انتخاباتی » بازی دربساط رژیمی است که بیش از سی و سه سال است که توده های مردم را ازابتدائی ترین حقوق سیاسی و مدنی خود محروم نموده است. درچنین بازی انتخاباتی نباید شرکت کرد .

درعین حال با توجه به وضعیت حساسی که درآن به سر میبریم تنها شرکت نکردن درانتخابات تاثیر گذاری توده های مردم بر اوضاع سیاسی راتامین نمیکند .

کشورما درشرایط بسیار حساسی به سر میبرد .تحریمهای گسترده کشورهای امپریالیستی بر دامنه بحران اقصادی افزوده است . افت صادرات و کاهش درآمد ارزی ، تحریم بانگ مرکزی وسایر مراکز مالی وتجاری به رکود و تورم بیشتر دامن زده و خواهد زد امری که ازهم اکنون درنوسان شدید قیمت ارز و افزایش تورم و سیرسعودی قیمت مایحتاج عمومی خودرا نشان میدهد و خطرجنگی که عواقب آن فاجعه بارخواهد بود و همچون شبحی درآسمان کشوردرپروازاست.

رژیم درتلاش است همزمان با برگزاری انتخابات فرمایشی و کشاندن مردم پای صندوقهای رای برای افکارعمومی چنین وانمودکند که گجویا هنوز ازپایگاه اجتماعی کافی برای حکومت کردن برخورداراست وازطرفی با تشدید سرکوب اعتراضات واعتصابات کارگران و دستگیری فعالین کارگری ، روزنامه نگاران و فعالین جنبشهای اجتماعی از اعتراضات گسترده توده ای در فرایند تشدید بحران جلوگیری کند.

امااوضاع سیاسی ، اقتصادی و اجتماعی ایران ، منطقه وجهان مبین این واقعیت است که روند بسیار پیچیده ای پیشاروی مبارزات توده های زحمتکش مردم ایران گسترده است و نه شعبده بازی انتخابات و نه تشدیدسرکوب بیشتر فعالین جنبش های اجتماعی راه گریزی برای رژیم باقی نگذاشته است که بتواند اوضاع را به حالت عادی برگردانده و موقعیت خودراتحکیم کند.

**ما توده های زحمتکش مردم ایران را فرامیخوانیم که درانتخابات فرمایشی رژیم شرکت نکنند و نمایش »انتخاباتی «پیش روی را به صحنه کارزار مبارزه علیه ستم وسرکوب و جنگ و کشتار و مبارزه برای آزادی . برابری و عدالت اجتماعی تبدیل کنند.**

سرنگون باد رژیم جمهوری اسلامی ایران

برقرارباد جمهوری فدراتیو شورائی ایران

زنده باد سوسیالیسم

سازمان

اتحادفدائیان کمونیست

29بهمن ماه 1390

**ڕێکخـراوی یـەکێتی فیدائیانـی کۆمۆنیـست، ڕێکخراویکـی کۆمۆنیستی و بەشێکە لـە چینی کرێکارکە لەناو بزاڤی ئەوچینە پێك هاتووە و ئامانجی ئەو پـەرە پێـدان و پەرەسـەندنی خەباتـی چینایەتی چینی کرێکـارە بـەرەو سـەرکەوتنی یـەکجاری و بنیـاتـانی کۆمـەڵگای سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی، کە لـەو کۆمەڵگایـە یـەکێتی و یـەکبوونی مرۆڤـەکان دابین بکرێت و مـەرجی بوژانـەوەی مرۆڤەکان، بوژانەوەی مرۆڤ بێت .**

**ڕێکخـراوی یـەکێتی فیدائیانـی کۆمۆنیست لە هـەموو بووارەکانی چـالاکی خـۆی، لـە ئامووزشـی سوسـیالیزمی زانـستی، کەڵـك وەردەگـرێ و لـەباری ناوەروکـی چـینایەتی و ئایـدولوژی، خـۆی بەرێکخراویکی کرێکاری دەزانێ.**

**ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست لە facebook**

http://facebook.com/sitefedayi

# ڕاپەڕین و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد !

زریانی شۆڕشی 57 کە لە 22ی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا بە ڕاپەڕینی چەکدارانە درێژەی پێدرا و سیستەمی سەڵتەنەتی کە سومبولی ستەمکاری 2500 ساڵەی پاشایەتی بوو , هەڵپێچا , یەکێک لە بەرچاوترین و گرینگترین ڕووداوەکانی شۆڕشگێڕانەی مێژوویی و ساتەکانی پڕ بایەخی ژیانی سیاسی کۆمەڵانی ستەم لێکراو و چەوساوەی جیهان بە دژی ستەمکارانی مێژوو موری خۆی داکوتاوە . هەرچەند کە نەبوونی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر و لاوازی ڕێکخستن و تێگەیشتنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران بووە هۆی ئەوەیٚ کە ئەم شۆڕشە نەگاتە کۆتای سەرکەوتووانەی خۆی و ئارەزو و ئارمەنەکانی دێرینی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ڕووخاندنی ستەمکاران و چەوسێنەران وەدی بێت , بەڵکو بە پێچەوانەوە و بۆ جارێکی تر ستەمکاران و چەوسێنەران ئیبتکاری کردەوەی شۆڕشگێڕانەیان لە کۆمەڵانی ستەم لێکراوی خەڵکی ئێران زەوت کرد . و بە سەریاندا زاڵ بوون , بەم حاڵەیش دا ویست , ئیبتکار و ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵک کە لە مەودای ساڵەکانی پڕ لە تینی شۆڕش دا گەیشتبووە بەرزترین ئاستی خۆیدا , دەسکەوتەکانی مەزنی بۆ ئەوان بە دیاری هێنا کە هەرچەند بەشێکی گەورە لەم دەسکەوتانە لە ئەوان زەوت کرا , بەڵام بیرەوەری ئەوان کە ئێستا وەک ئەزموونەکانی پڕ بایەخ لە فیکرو زەینی کۆمەڵانی خەڵک بە جێ ماوە , هەرگیز لە بیر ناچێتەوە . و کاتێک بۆ جارێکی تر کۆمەڵانی خەڵک بە کۆ کردنی هێزی خۆیان دەستیان دایە خەباتێکی تر , هەموو ئەم تەجرووبانە و بیرەوەریەکان , دەسکەوتەکانی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بە کار دەبەن و ئەوکاتە ئەمان لە ستەمکاران دەستێنن . جیا لە هەموو ئەو ئاکامانەی شۆڕشی 57 و هەڵویستی هەر کام لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە بەرانبەر ئەم شۆڕشە دا , ڕۆڵیک کە نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران لە ئاڵوگۆڕەکانی شۆڕش و دەسکەوتەکانی شۆڕشگێڕانەی ئەو گیران , لە هیچ کەس شاراوە نیە و بەر چاوترین ڕۆڵی لە ناو نەتەوەکانی ژێر ستەم , خەڵکانی ژێر دەستەی تورکمەن و کورد گیران , کە یەک لە ئەوان بە دامەزراندنی شووراکان وەک سەرەتای دەسپێکردنی دەسەڵاتی خەڵکی ڕەنگدانەوەی ئیبتکاری شۆڕشگێڕانەی خەڵکی و ئەوەی تریان واتە خەڵکی کورد ڕەنگدانەوەی خۆڕاگری و موقاوەمەتی شۆڕش بوو .خەڵکی کورد کە سەرانسەری مێژووی ژیانی سیاسی ئەو لە مێژووی هاوچەرخدا تێکەڵ بە خەبات بە دژی ستەمکاران بووە بۆ جارێکی تر کاتێک زریانی شۆڕشی 57 سەرانسەری کۆمەڵگای وەبەر گرتبوو پەیوەست بووە بزووتنەوەی سەرانسەری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ڕۆڵی بەرچاو و شۆڕشگێڕانەی خۆی لە بزووتنەوە گیرا . کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شان بە شانی هەموو کۆمەڵانی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران دەستیان دایە خەباتێکی حەماسەیی و قارەمانانە بە دژی ڕژیمی شا , تاکو بە ڕووخاندنی ئەو داخوازیەکانی شۆڕشگێڕانە - دیموکراتیکی مێژوویی خۆیان وەک کارێکی خێرا وەدی بهێنن . ئەوان لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی 22ی ڕێبەندان بە هێرش کردن بۆ سەر مەرکەزەکانی ستەم و سەرکوت ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لە ڕووخاندنی قەهری ڕژیمی شا گیران , ئەوان چەکدار بوون تاکو بە شێوەیێکی چەکدارانە لە دەسکەوتەکانی شۆڕشگێڕانەی خۆیان دیفاع بکەن و ستەمکاری نەتەوەیی لە ناو ببەن . گەلی کورد بە لە بەر چاو گرتنی نەریتەکانی نەتەوەیی و تەجرووبەکانی خەباتی خۆی لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە لەم ئیمتیازە بەهرەمەند بوو کە بە پێچەوانەی کۆمەلانی خەڵکی سەرانسەری ئێران لە متمانە کردنی تەواو بە دواداکەوتنی کوێر کوێرانە بە نیسبەت دارو دەستەی خومەینی کە بە سەر شەپۆلەکانی بزووتنەوەی خەڵکی سوار بوون , خویان دوور بگرن . هەر بۆیە کاتێک دژی شۆڕش بە دەسەڵات گەیشوو هەوڵی دا تامو بە ئیستفادە کردن لە گومان و تێنەگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵک و متمانە کردنی لە سەر تێ نەگەیشتنی ئەوان , ئیبتکاری کردەوەی شۆڕشگێڕانە لە ئەوان بستێنێ و بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی دژی شۆڕشی خۆی و نوژەن کردن ئەرتش کۆمەڵانی خەڵک چەک بکات , گەلی کورد ئەم شتەی قبوول نەکرد . تەجرووبەی خەباتگێرانە و نەریتەکانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی کورد ئەوانی فێر کردە بوو کە تەنیا بە چەکدار بوونیانە کە دەتوانن لە دەسکەوتەکانی شۆڕشگێڕانە خۆیان دیفاع بکەن , هەر چەشنە پیلانگێری دژی شۆڕشگێڕانە تێک بشکێنن و لە بەرانبەر هێرشی ڕێک خراوی ڕژیم موقاوەمەت بکەن . ئەوان لە تەجرووبەری خەباتگێرانەی خۆیان شاهیدی ئەوە بوون کە هەر کات چەک کراون , زەوتی مافەکان و بەردەوامی ستەمی بە دواوە بووە . ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە بە باشی تێ گەیشتبوو , مادام کە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان چەکدار بن , نە تەنیا ناتوانیٚ دژی شۆڕشگێڕانەی خۆی لە ناوچەکانی تر حاکیم بکات و نە دەتوانیٚ گەلی کورد بە پەیرەوی و مل کەچ بوونی خۆی بە چووک دابێنی , فەرمانی سەرکوتی گەلی کوردی دەرکرد و هێرشی هەوسار پساوی بەکرێگیراوانی چەکداری ئەو بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد . بەڵام مەگەر دەتوانریٚ گەلێکی چەکدار کە بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕشگێڕانەی خۆی و لە ناو بردنی ستەمکاری هەستاوە , سەرکوت کرد و دیلی کرد ؟ مەگەر دەتوانریٚ خەڵکێک کە

خەریکی شەڕێکی نابەرانبەرە شکست دا ؟ تەجروبە نیشانی داوە کە خەڵکی چەکدار لە ناو ناچێ و شکست ناهێنێ .ڕژیم لە شەڕی سنە و لە هێرشی بەربلاوی 28ی گەلاوێژ بۆ سەر کوردستان لە گەڵ شکست ڕووبەڕوو بوو و سەر شۆڕانە پاشە کشەی کرد . لە باری تەعسیراتی موقاومەتی دلێرانەی خەڵکی کوردستان کە لە لایەن هەموو هێزەکانی شۆڕشگێر و پێشکەوتنخوازی سەرانسەری ئێران بە تایبەت ڕێکخراوی ئێمە بە شێوەیکی هەموو لایەنە پشتیوانی لێ کرا , هەر ئەمە بەسە کە ڕژیم پاش ئەم شکستانە تا ماوەیکی زۆر نەیتوانی ئامانجەکانی دژی شۆڕشگێرانەی خۆی بە شێوەیکی چروپڕ بە پێش ببات . خەڵکی کورد سومبولی موقاومەت و خۆڕاگری شۆڕش بوو . ڕژیم هەموو هەوڵی دژی شۆڕشگێرانەی خۆی وەگەر خست تاکو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ژێر تووندترین گوشارەکانی ئابووری و سیاسی و نیزامی دابنێ , ئیعدام و کوشتاری کرد , کۆمەڵ کوژیی کرد , جووتیارانی بێ دیفاعی گلولە باران کرد , بەڵام ئێستا کە پاش سی و دوو ساڵ لە یەکەم هێرشەکانی ڕژیم بۆ سەر کوردستان , ئاشکرا بووە کە هەموو هەوڵ و تەقەلای زەبوونانەی ڕژیم لە گەڵ شکست ڕووبەڕوو بووە . هەرچەند کە بەرزبوونەوەی هەمووڵایەنەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە - دیموکراتیکی گەلی کورد لە پەیوەند و لە ژێر تەعسیری بزووتنەوەی سەرانسەری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕووی دا و هێرشی هەمووڵایەنەی داهاتووی ئەو بەو مەرجەیە کە بزووتنەوەی سەرانسەری گشتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕوو بدات .بەڵام بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد نە تەنیا لە ڕاپەرینی ڕێبەندان بەڵکو بە درێژایی هەموو دەورانەکانی پاش ئەو تەعسیراتی زۆر باشی بە سەر بزووتنەوەی سەرانسەری کۆمەڵانی خەڵک بە جێ هێشتووە . گەلی کورد لەم خەباتە دا زۆر دەرسی وەرگرتووە لە خۆ بردوویی بگرە تاکو موقاومەتی قارەمانانە و خۆڕاگری دا . گەلی کورد بە هەموو خەڵکانی ئێران نیشانی دا کە چۆن و بە چ شێوەیەک خەڵکێکی بچووک بەڵام چەکدار و بە ئیمان دەتوانی لە بەرانبەر دوژمنێکی گەورە و سەرتا پێ چەکدار موقاومەت بکات و چووک بە دواکەوتوویی بهێنێ . گەلی کورد پاش تێپەڕ بوونی سی و دوو ساڵ شەڕی بەردەوام بە هەموو خەڵکی ئێران نیشانی دا کە تەنیا خەڵکی چەکدار دەتوانن دیفاع لە ئازادی و دیموکراسی بکەن . تەجرووبەی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد ڕاستی و دروستی بەرنامە و شێوازی ئێمە لە زەمینەی پیویستی تێک شکاندنی ماشینی نیزامی - بوروکراتیکی مەوجود لە جەریانی شۆڕشی خەڵکی و ڕاستە قینە , چەکدار کردنی گشتی خەڵک و دەسەلاتی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێگای شووراکانەوە سەلماندووە . تەجرووبەی ڕاپەرین بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەموو نەتەوەکانی ژێر دەستە نیشانی دا کە هیچ شۆڕشێک بە بێ تێک شکاندنی تەواوەتی ماشینی دەوڵەتی مەجود بە بێ چەکدار کردنی گشتی خەڵک و بەڕێوە بردنی حاکمیەتی خەڵکی سەر ناکەوی . بۆیە ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆکە پاش تێپەڕ بوونی سی و سێ ساڵ لە ڕاپەرین و ئەو هەموو تەجرووبەی پڕبایەخەی کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێران و گەلی کورد , دیسان لە بەرنامەکانی خۆیان خوازیاری پاراستن و مانەوەی ئەرتش و بوروکراسی مەوجود و چەک کردنی کۆمەڵانی خەڵکن , هەر لە ئێستاوە بەم خەیاڵە هەنگاویان هێناوەتە ناو گۆڕەپانی خەبات کە لە ڕاپەرینی تری کۆمەڵانی خەڵک بۆ جارێکی تر دەسکەوتەکانی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵانی خەڵک لە ئەوان زەوت بکەن و بەراستی دا بە دژی ئەم جۆرە گەرایشە دایە کە ئێمە هەر لە ئێستاوە ئالای موخالیفەتمان بەرز کردووتەوە . هەر بۆیە کە ئێمە بە شێوەیکی بەردەوام شووڕای میللی موقاومەت و لە سەرەوەی ئەوان موجاهیدنی خەڵک بۆ خەڵک ئاشکرا دەکەین کە بە جێگای چەکدار کردنی گشتی خەڵک و بەڕێوە بردنی حاکمیەتی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێگای شووراکان , خوازیاری پاراستن و مانەوەی ئەرتشی دژی گەلی و بوروکراسی ڕزیو و دواکەوتوون و خوازیاری چەک کردنی کۆمەڵانی خەڵکن . خەڵکی قارەمانی کورد کە تاکو ئێستا ڕۆڵی گرینگی لە شۆڕشی ئێران گیراوە دەبێ بە تەجرووبە فێر بوو بێ کە بە بێ ڕێبەری چینی کرێکار , بە بێ دامەزراندنی سیستەمێک کە لە وێدا کۆمەڵانی چەکدار لە ڕێگای ئورگانەکانی بەهێزی خەڵکی , حاکم بن , نە تەنیا ناگەنە مافی چارەی خۆ نووسین و داخوازیەکانی تری دیموکراتیک و شۆڕشگێرانەیان بەڵکو هەموو بەرهەمەکانی قارەمانی و حەماسە خوڵقاندنی ئەوان کە بە خوێنی هەزاران کەس لە باشترین ڕۆڵەکانیان بەدەس هاتووە لە دەس دەدەن . گومانێک نیە کە گەلی کورد هەموو تەجرووبەکانی پڕ بایەخی خۆی لە مەودای چەند ساڵی ڕابردوو بە دەس هێناوە بە کار دێنێ و هەروا کە لە ڕاپەرینی ڕێبەندانی 57 و ساڵەکانی پاش ئەوە تاکو ئەمڕۆ ڕۆڵی زۆر گرینگی گیراوە . لە ڕاپەرینی داهاتووی کۆمەڵانی خەڵکی سەرانسەری ئێران بەرێبەری چینی کرێکار ڕۆڵی یەکلایەنەی خۆی دەگیرێ و تاکو وەدی هاتنی داخوازیەکانی ڕەوا و عادلانەی ڕا ناوەستێ .

**خەڵکی قارەمان کرێکاران و هاورێیانی خەباتگێر بە بەشداری و ناردنی بابەت , ڕەخنە و بیر و ڕای خۆتان یارمەتیمان بدەن لە پر بارتر کردنی گۆڤارە کەمان .**

Kurdistan@fedayi.org

# سیاکەڵ , ڕەنگدانەوەی ئیرادە و کردەوەی شۆڕشگێڕانە

لە 19ی ڕێبەندانی 1349 دا گروپێک لە شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست کە هەموو وجودیان پڕ لە ئیمان و بڕوا بە چینی کرێکار و ئارمانانەکانی بەرزی ئەم چینە بوو ، بە هێرشی چەکدارانە بۆ سەر پاسگای سیاکەڵ شەرێکی حەماسیان بە دژی دوژمنی چینایەتی دەس پێکرد و لاپەرەیکی نوێ یان لە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران هەڵدایەوە . تاکو ئێستا لە بارەی گرینگی مێژوویی و خاڵەکانی لاواز و بەهێزی خەباتێک کە هاوڕێانی فیدایی ئێمە لەم ڕۆژدا دەستیان پێ کرد ، زۆر جار و لە بوارەکانی جۆراوجۆری دل قسە و باسمان کردووە ، بەڵام بە تایبەت ئەوەی کە ئەمرۆکە بە لە بەر چاوگرتنی بارۆدخی ئێستای بزووتنەوە دەبێ تەعکید لە سەر بکەین ، ڕۆڵێکە کە هاوڕیانی دامەرزێنەری ڕێکخراوی ئێمە لە سەر بەشداری چالاکانە لە خەباتی چینایەتی لە ڕێگای بە کار هێنانی کردەوەی شۆڕشگێڕانە گرینگی ی پێ دەدان و سیاکەڵ ڕەنگدانەوەی ئاوا بڕوایێک بوو . ئەم بڕوایە لە تێگەیشتنی ڕاست و دروستی مارکسیستی سەر چاوەی دەگرت کە خاڵی دەسپێکردنی خۆی لە سەر ئەم ئەسلە دادەنێ کە ڕەخنە گرتن لە دیاردەیەک تەنها لە تیئوری دا ناگونجێ ، بەڵکو دەبی ڕەخنە گرتنی تیئوری لە گەڵ ڕەخنە گرتنی بەکردەوە تێکرا بە کار هێنا .دیارە دەبێ لە تیئوری ڕەخنەی لێ بگیری و لە کردەوەدا گۆڕانکاری بە سەر بێت . لەم ڕوانگەیە دا ، سیاکەڵ تەنها کردەوەی فیداکارانە و بوێرانەی فیدائیانی کە دەستیان دایە عەمەلیاتی چەکدارانە و نەریتی خەباتی ئاشتی هەڵنەگر و قەهری یان بۆ ڕووخاندنی ستەمکاران لە ئیراندا جێ خست ، نیە . بەڵکو لەوەی گرینگتر ڕووهێنان بە کردەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ گۆڕینی سیستەمی موجود ، تێکەلاو کردنی ڕخنە گرتنی تیئوری لە گەڵ ڕخنە گرتنی بەکردەوە و لە ئاکام دا بەشداری چالاکانە لە خەباتی چینایەتی ، لە هەڵو مەرجێک بوو کە لەمێژ بوو جیایی نێوان تیئوری و کردەوە ، دەورانێکی ڕاوەستان ، بێ کردەوەیی ، بی دەرەتانی ، سەر لێشیواوی و پەرتەوازەیی لە ناو بزووتنەوەدا حاکیم بوو . حیزبی توودە کە لە ئاکامی بە کار هێنانی سیاسەتەکانی ئۆپۆرتونیستی و خائینانەی خۆیدا زەنجیرە شکستەکانی بەردەوامی بە سەر بزووتنەوەدا داسەپاندە بوو ، ئەرکێک جگە لە قووڵتر کردنی قەیرانی موجود و پەرەدان بە پاسیفیزم و بی کردەوەیی لە ئەستودا نەبوو . گروپ و ڕێکخراوەکانی تریش کە بەرواڵەت لەگەڵ حیزبی توودە سنووریان دانا بوو نە توانای ئەویان بوو کە وەڵامی باش و گونجاو بە مەسەڵەکانی زەروری بزووتنەوە بدەن و نە دەوێران پێ خۆیان لە سنووری قسە ئەولاتر بنێن و بۆ گۆڕینی وەزعی موجود کردەوەی شۆڕشگێرانە بە کار بهێنن . گروپێک لە روشنبیرانی بی کردەوەیش خیانەتەکانی حیزبی توودەیان کردە بیانو و لە ژوورەکانی داخراو خەریکی فەلسەفە بافی بوون تا لە ناو لاپەرەکانی کتێبەکان « تیئوری شۆڕش » بدۆزنەوە و بە سەر قەیرانێک کە بزووتنەوە تووشی بوو زاڵ بن . لە ئاوا هەڵو مەرجێکدا ڕژیمی شا بە دیکتاتوری هەوسار پساو پێشیل کردنی سەرەتاییترین ماف و ئازادیکانی سیاسی هێز و توانای خۆی نیشان دەدا و پەرە بەم گۆمانە دەدا کە گوایە ئیمکانی هەر چەشنە چالاکی و کردەوەی شۆڕشگێرانە بە هیچ شێوەیەک نەماوە . هێزەکانی شۆڕشگێر و خەباتگێر کە لە هەوڵ و کۆشش بۆ گۆرینی ئەم وەزعە بوون پێش لەوەی کە بتوان کار و کردەوەی جیددی بکەن لە سەرەتای دامەزراندن و ڕێکخستنیان دا سەر کوت دەکران و لە ناو دەچوون . نە پەیوەندی پتەوێک لە نێوان هێزەکانی خاوەن بڕوا بە مارکسیزم – لنینیزم هەبوو ، نە لە نێوان ئەم جەریاناتە و چینی کرێکار و نە ڕێکخراوێکی پۆلائین و بەردەوام لە کار و چالاکی هەبوو کە بتوانێ پایەداری بزووتنەوە لە هەموو بوارەکاندا دابین بکات . شۆڕشگێرانی ڕاستەقینە بە دوای دۆزینەوە ڕێگا چارەسەری دەچوون لەم بازنە داخراوەیە بوون . لە ناو بزووتنەوەدا زۆر مەسەلەی زەروری هەبوو کە وەلامی خێرای پیویست دەکرد .« ئێستا دەبوایە وەلامی ئەم مەلانە بدرایەوە کە بۆ پەیوندی گروپەکان و کۆڕ و کۆمەڵە مارکسیستەکان ، بۆ کۆ کردنی ئەوان بە دەوروبەری ڕێکخراوێک و مەحوەرێک ، ڕێکخستنی نوێ ، پەیوەندی نێوان خەڵک و پێشرەو ، دانانی سنورێک لە نێوان ڕیفورمیسم و مارکسیزم – لنینیزمی شۆڕشگێرانە ، خەبات بە دژی دیکتاتوری و بەردەوامی خەباتی دژی ئیمپریالیستی ، هەوڵ و تێکوشان بۆ خێراتر کردنی تێک شکاندنی بڕوا بە شکست نەهێنانی دوژمن ، لە ناو بردنی توانا و هێزی لە رادە بەدەری دوژمن لە مێشکی خەڵک ، لە ناو بردنی ئاسەواری بەد بینی بە نیسبەت پێشرەوان ، پێک هێنانی زەمینەکانی پەیوەندی خەڵکی لە ئاستێکی بەربلاو و لە کۆتایی دا دامەزراندنی ڕێکخراوێک لە شۆڕشگێرانی حرفەیی کە لە هەلومەرجی تایبەتی ئەو کاتەدا بەردەوام بن

لە کار و چالاکی و بتوانن لە خەبات دا بەردەوام بن . واتە لە ڕاستی دا بتوانن لە بەرانبەر دیکتاتۆری و سەرکوتی قەهری ئەو خۆڕاگر بن , بمیننەوە و گەشە بکات , چ دەبێ بکەین؟ وەڵامی ئەم مەسەلانە لە دەستووردا قەراری گرتبوو . دەیان گرووپ و ڕێکخراو شێوە و شێوازەکانی زۆریان تاقی کردەوە تاکو وەڵامی چ دەبێ بکەین خۆانیان بدۆزنەوە . بە بێ ئەوەی کە بزانن ئەگەر دووپات کردنەوەی ئۆلگوواری ئەزموونەکانی خەڵکان و بزووتنەوەکانی شۆڕشگێڕ و بەکار هێنانی مارکسیزم – لینینزم بە شێوەی میکانیکی , دەتوانی وەڵامدەری مەسەلەکان بێت , زۆر لە گرفتەکان چارەسەر کرا بوو . مارکسیست – لینینستەکان دەبێ بە لە بەر چاوگرتنی تیئوری گشتیەکانی مارکسیست – لینینستی هەڵومەرجی تایبەتی کۆمەڵگا هەڵسەنگێنن و بە سوود وەرگرتن لە تەجروبیاتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی تر , ئەو شێوازانە و فورمانەی هەڵبژێرن و بە کاری بهێنن کە لە گەڵ هەلو مەرجی تایبەتی کۆمەڵگا بگونجێ و خەریکی تێکەیاندن و ڕێکخستنی کۆمەلانی خەڵک و بەردەوامی خەبات بن . گرێنگی چالاکی دامەزرێنەرانی ڕێکخراو لەمەدا بوو کە بەم مەسەڵە زەروریە وەڵامیان دا , نە تەنها هەلو مەرجی تایبەتی ئێرانیان هەڵسەنگاند بەڵکە پلانێکی نوێ یان بۆ خەبات دارشت . فورمەکانی ڕێکخستن و شێوازەکانی خەباتی کۆن کە ناکاریگەری ئەوان لە مەودای چەندین دەیە سەلمێندرا بوو وەلا نان و فورم و شێوازەکانی نوێ یان هەلبژارد . لە قۆناخی تیئوری و قسەدا نەمانەوە , چوونە قۆناخی کردەوە و ڕێگا و شێوازی بەشداری چالاکانە لە خەباتی چینایەتی یان گرتە پێش . گرێنگی سیاکەڵ لە مەدا بوو . هەرچەند لەو کاتەدا تاکو ئێستا 41 ساڵ تەواو , ڕێکخراو قۆناخەکانی زۆری تێپەراندووە و ئەمڕۆکە لە گەڵ مەسەلەکانی نوێ ڕووبەڕووە , بەلام جەوهەری بیرکردنەوە و پراتیکی حەماسە خوڵقێنەرانی سیاکەڵ کە بە کار هێنانی کردەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ گورینی سیستەمی مەوجود و بەشداری چالاکانە لە کاری خەباتی چینایەتیە , هەروا دەبێ ڕێگا و شێوازی ڕێکخراوی ئێمە و هەموو ئەو کاسانەی بێت کە ناوی فیدائیان بۆ خۆ هەڵبژاردووە . ئێمە بۆیە لە سەر ئەم مەسەڵەیە تەعکی دەکەین کە ئەمڕۆکە بە هۆی ئەو زەبرانەی کە ڕێکخراوی ئێمە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵکی ئێران لیان کەوتووە , شەپۆلی بێ کردەوەیی , سارد بوونەوە لە خەباتی چالاکانە , فەلسەفە بافی ڕوشنبیرانە و دوژمنایەتی کردن لە گەڵ تەشکیلات و ڕێکخستن لە نێوان بەشێک لە هێزەکان پەرەی ساندووە . دروستە کە لە هەلومەرجی سولتەی دواکەوتوویی و سەرکوتی هەوسار پساودا , شەپۆلی بەرز و نەزم و شک و گومان , متمانە نەکردن و بێ کردەوەیی لە پۆششی نەبوونی ئاسۆیەک لە نێوان کەسانی سست و بەشک و گومان زیاد دەبێتەوە و تەنها تایبەت بە بزووتنەوەی ئێمە نیە بەڵکو لە ئاستەکانی جۆراجۆردا لە هەموو بزووتنەوەکاندا لە ئاوا وەزعێکدا دەبیندرێ , بەلام حسابی شۆڕشگێڕان لە ئەم کەسانە و گەرایشاتە جیایە . بۆ شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیست کە ئیمانی هەیە بە چینی کرێکار و حەتمی بوونی سەرکەوتنی ئەو , هیچ هۆکارێک ناتوانێ ئاسوی سەرکەوتنی لە ناو ببات و خەلەلێک بخاتە ناوکاری خەباتدا . ئیرادە , ئیمان و پتەو بوونی شۆڕشگێڕێکی کۆمۆنیست ئەمەیە کە لە هەر هەلو مەرجێکدا دەتوانێ و ئامادەیە خەبات بکات . نە سەرکوت و خەفەقان , نە ڕاوەستانی بزووتنەوە , و نە لە نیوەی ڕێگا ڕاوەستانی هاوڕێانی کۆن , هیچ کام ناتونێ لە سەر ڕێگای بەرەو پێش بردنی شۆڕشگێرانەی کۆمۆنیستەکان ڕێگر بێت . کەسانێک کە ئەمڕۆکە خۆیان بە کۆمۆنیست , فیدایی و ... دەزانن , ئەنانەت لە ڕاستی و دروستی بەرنامە و شێوە و شێوازی ڕێکخراو بچووکترین گومانێکیان نیە , بەلام لە خەبات لە وەزعی سەخت و دژواری ئێستا دا دەترسن . ئەمانە لە کردەوەدا نە کۆمۆنیستن , نە بڕوایان بە بەرنامە و شێوە و شێوازی ڕێکخراو هەیە . فیدایی کەسێکە کە بۆ وەدی هاتنی بیرو بۆ چوونەکانی خۆی خەبات دەکات , کردەوەی شۆڕشگێرانە لە پێش دەگرێ , و هیچ هۆکارێک ناتوانێ ڕێگری چالاکی ئەو بێت . دەبێ بە تکۆشانی بەردەوام لە پارێزگاری کردن لە نەریتی خەباتی چالاکانە و شرشگێرانەی فیدائیانی گەل و بەشداری چالاکانە لە خەباتی چینایەتی , ئەم تەمایولاتانە و وڕە نزمە تێک بشکێنین . ڕاستی ئەمەیە کە ئێمە لە ڕابردوودا بە هۆی زنجیرەیێک هەڵە , لە ئاکامی زەبری بەردەوامی پولیس و جیابوونەوەکانی یەک بە دوای یەکدا لە بەشداری چالاکانە لە کاری خەباتی چینایەتی ڕاوەستاوین , بەلام بێ گومان بە وەرگرتن لەم هەلانە و هەوڵ و کۆشش بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنێکی پتەو لە ڕیزی کرێکاران , دەتوانین بە بەشداری چالاکانە لە خەباتی چینایەتی , درێژە بە ڕێگای حەماسە خوڵقێنەرانی سیاکەڵ بدەین تا ئەو کاتەی بگەینە ئامانجی دوا ڕۆژمان .

**ڕێگای گەل لە facebook**

**Www.facebook.com/regaygal**



## خەباتی خەڵکی تورکمەن

# بە بۆنەی 19ی ڕێبەندان و داسەپاندنی شەری دووهەم بە سەر خەڵکی تورکمەن لە لایەن رژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران

( بەهرنگ )

خەڵکی تورکمەن بەشێکە لە خەڵکانی بێ بەشی ئێران کە ساڵە های سەڵە بە دوو شێوە دەچەوسێتەوە کرێکاران و زەحمەتکێشانی تورکمەن بریتی لە جووتیاران , ئاژەڵداران , ماسی گیران و ... وەک زەحمەتکێشانی تری ئێران زۆر ساڵە لە لایەن سەرمایەداران , دەرەبەگەکان , توجارەکان و رباخۆری بێ ڕەحم و دەوڵەتانی دواکەو تووی لایەنگری ئەوان ستەمیان لێ دەکرێ . خەڵکی تورکمەن وەک نەتەوەیێک بە زمان , کەلتورز داب و نەریتی تایبەت بە خۆی , لە هەر چەشنە مافەکانی نەتەوەیی بێ بەش بوون . لە مەودای پەنجا ساڵ سەڵتەنەتی دیکتاتوری بنەماڵەی پەهلەوی , خەڵکی ستەم لێکراوی تورکمەن بە وەحشیانە ترین شێوەی مومکین سەرکوت و تالان کران و ئەم ناوچە سنووریەی وڵاتی ئێمە هەمیشە گۆڕەپانی تاخت و تازی ژاندارمەکان و ساواکیەکان بوو , لە حاڵێکدا هەزاران هەکتار لە زەویەکانی کشتوکاڵی ناوچەی تورکمەن سەحرا درایە دەرباریەکانی شا , فەرماندەکانی تەرتش و ساواکیەکان و خزمەتکارەکانیتر دەس لە سەر سینگ ئەویسیەکان و مەزینەکان . زەحمەتکێشانی ئەم ناوچەیە بە نەداری و هەژاری دەژیان و بەرهەمی کار و رەنجی ئەوان لە لایەن خوێن مژان تالان دەکرا و ئەم جنایەتکاران رەحمیان نەدەکردە گشان و ماڵ و ناموسی خەڵک . داخوازیەکانی نەتەوەیی و رەوای خەڵکی قارەمان و جەنگاوەری تورکمەن لە دەورەی دیکتاتوری رەزا شا تاکو دەورانی سەڵتەنەتی محەمەد رەزا پەهلەوی و ئێستاش لە لایەن رژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی هەروا سەرکوت دەکرێ . ئامانجی محەمەد رەزا پەهلەوی لە تورکمەن سەحرا وەک کوردستان و بەلوچستان و ... پیشێل کردنی مافەکانی رەوا و فەرهەنگی نەتەوەیی خەڵکی تورکمەن بوو تا بەر بە یەکگرتوویی نەتەوەیی و یەکگرتنی خەڵک بگرێ و هەویەتی فەرهەنگی ئەوان لە ناو ببات . لاوانی تورکمەن لە گەڵ فەرهەنگ و نەتەوەی خۆیان بێگانە بکات و نەهێڵێ ئەدەبیات و هۆنەری خەڵکی لەو نیشتمانە پەرە بستێنێ . تورکمەن سەحرا یەکێک لە ناوچەکانی دەوڵەمەندی وڵاتی ئێمەیە , بەڵام رژیمی پەهلەوی لە بەر ئیمکاناتی ژیان ئەو ناوچەیە لە ئاوا هەلو مەرجێکی نەداری و هەژاری ڕاگرابوو کە یەکێک لە تەبعیدگاکانی رژیم دەژمێردرا . ئیمکاناتی سەرەتایی ژیان وەک دەرمان و تەندروستی , قوتابخانە , جادە و ئاوی خواردنەوەو حەمام و ... بە تایبەت لە لادێکانی ناوچەکە کە زۆربەی خەڵک لەوێ دانیشتوون لە ئاستێکی زۆر خوارەوە بوو . گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتن لە دایرەکانی حکومی خەڵکی وەزاڵ هێچنابوو و مەسرەفی مادە هوشبەرەکان لە رادە بەدەر بوو .هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازی سەرکوت دەکرا و روشنبیران و زەحمەتکێشانی ناوچەکە لە بەرانبەر بچووکترین نارەزایەتی دا زیندانی دەکران .

بەم شێوەیە خەڵکی تورکمەن وەک توێژەکانی تری زەحمەتکێش و ستەم لێکراوی ئێران لە راپەرینی رێبەندانی 57 دا بەشداریان کرد . بەوجودی هەوڵ و تەقەڵای دەرباریەکان بۆ دووبەرکی خستنەوە لە ناو ریزەکانی خەڵکی تورکمەن و دوژمنایەتی کردنی ئەوان لە گەڵ راپەرینی 57 , خەڵکی تورکمەن لە دروشمەکانی راپەرین پشتیوانیان کرد . هەڵبەتە جگە لەویش نەیدەتوانیێ بێت لە بەر ئەوەی کە خەڵکی تورکمەنیش وەدی هاتنی داخوازیەکانی خۆیان لە رووخانی رژیمی شا و لە ناو چوونی نفوزی ئیمپریالیستیەکان دەبینی . خەڵکی تورکمەن کە بۆ ساڵەها لە لایەن دەرەبەگەکانی گەورە و حکومەتەکانی دیکتاتورەوە سەرکوت کرا بوو باش دەزانی کە لە ناو بردنی دەسەڵاتی زوڵم و دیکتاتوری و گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری لە گەڵ خەڵکانی تر مومکین نابێ مەگەر ئەوێ کەوڵات زنجیری حکومەتەکانی دیکتاتور ئازاد بکرێ , سوڵتەی ئیمپریالیستەکان و بەکرێگیراوانی ئەوان لە ناو بچێت و سەر بە خۆیی و ئازادی ئێران بە دەس بێت . هەر بۆیە ئەوانیش تێکرای خەڵکانی تری وڵات خوازیاری دامەزراندنی حکومەتێکی میللی و خەڵکی بوون , دروشمەکانی خەڵکی تورکمەن لە یەکەم رێپیوانەکانی ئەوان پێش لە راپەرینی رێبەندانی 57 سەڵمەێنەری ئەم راستیە بوو . لە راپەرینی رێبەندانی 57 دا کانوونی فەرهەنگی و سیاسی خەڵکی تورکمەن لە

لایەن روشنبیرانی ڕێکخستنی خەباتی خەڵکی تورکمەن سەحرا دامەزرا . زۆربە خێرایی کانوونی فەرهەنگی – سیاسی خەڵکی تورکمەن کە لە جەرگەی خەباتی خەڵکی سەری هەڵدا بوو , بووە شوێنی کۆبوونی توێژەکانی جۆارجۆری ناوچەکە بریتی لە جووتیاران , ئاژەڵداران , ماسی گیران و تەون چنەکان تاکو کارمەندان و کاسبکارانی ورد و پیاوانی ئائینی پێشکەوت خواز . جووتیارانی ستەم لێکراوی تورکمەن کە ماوەیێک پێش لە ڕاپەرینی 57 لە هێندیک شوێندا دەستیان دا بووە وەرگرتنی زەویەکانی داگیر کراوی خۆیان بە یارمەتی ئەم ئورگانە لە گوندەکانی خۆیاندا شووراکانی گوندیان دامەزراند بۆ وەرگرتنی زەویەکان , ڕێکخستن و ڕاهێنانی کشتوکاڵ و کار لەوێدا و ڕاپەڕاندنی کاروباری گوندەکان . زۆرێک لە دەرەبەگە گەورەکان بە بەرزبوونەوە و پەرەساندنی خەباتی جووتیاران لە ناوچەکە هەڵاتن , شووراێکی زۆر دامەزران و بە دوای ئەودا ستادی مەرکەزی شووراکانی تورکمەن سەحرا لە لایەن ڕۆڵەکانی شۆرشگێری خەڵکی تورکمەن و بۆ پشتیوانی کردنی کۆمەڵانی خەڵک و بۆ هاوئاهەنگی زیاتری شووراکان و ڕێکخستنی خەباتی جووتیاران دامەزرا . بە خێرایی و بە ڕێبەری کانوون و ستاد , خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە زیاتر ڕێکخرا . بەم شێووەیە خەباتی جووتیارانی زەحمەتکێش بە دژی دەرەبەگە گەورەکان , توجارە گەورکان و دەلالەکان , رباخورەکان و ساواکیەکان و لە ڕاستی هەموو کەسانی سەر بە رژیمی شا و ئیمپریالیستیەکان تووندتر بوو . پیاوە ئائینیەکان و دەوڵەتی کاتی لیبراڵی ئەوان کە بە سەر شەپۆلەکانی شۆرش دەسەلاتیان بەدەس گرتبوو , لە سەرەتاوە ترسی خۆیان لەم بزووتنەوە خەڵکیە نیشان دا و بیشەرمانە بۆ سەرکوت کردنی هەوڵیان دا . هێزەکانی دواکەوتووی ناو حکومەت بە یارمەتی ساواکیەکان , دەرەبەگە گەورەکان و توجاری گەورەی ناوچەکە لە خاکەلێوەی ساڵی 1358 بۆ سەرکوتی خەباتی جووتیارانی زەحمەتکێش و خەڵکی بوێری شارەکانی تورکمەن سەحرا بە پیلانگێری , شەرێکی نابەرانبەریان بە سەر خەڵکی تورکمەن داسەپاند . خەڵکی تورکمەن سەحرا کە بڕیاریان دا بوو لە دەسکەوتەکانی خەباتی خۆیان دیفاع بکەن ئیجازەیان بە ئەوان نەدا بجوڵنەوە . خەڵکی تورکمەن سەحرا بە خۆڕاگری و یەکگرتووی خۆیان پیلانگێری ئەوانیان بەر پەرچ دایەوە و بە موقاوەمەتێکی بێ وینە ئەوانیان بە ئەژنۆ هێنا . سەرکەوتن لەم شەرە , سەرکەوتنی زەحمەتکێشان بە سەر دەرەبەگە گەورەکان و پشتیوانانی ئەوان بوو . ئەم سەرکەوتنە , خەڵکی تورکمەنی بۆ خەباتی هەموو لایەنە بە دژی دەرەبەگە گەورەکان و وەدی هێنانی داخوازیەکانی نەتەوەی خۆیان سوورتر کرد . ئاشکرا کردنی پیلانگێران و بەکرێگیراوانی دواکەوتوویی لە لایەن کانوونی فەرهەنگی و سیاسی خەڵکی تورکمەن و ستادی مەرکەزی شووراکانی تورکمەن سەحرا ناوەرۆکی پیلانگێرانی هەرچی زیاتر بۆ کومەڵانی خەڵکی تورکمەن و زەحمەتکێشان ئاشکراتر کرد .وەرگرتنی زەویەکانی دەرەبەگە گەورەکانی هەڵاتوو و پاشماوەکانی ئەوان خێراتر بوو . ڕێکخستنەکانی خەڵکی لە شار و گوندەکان پەرەی ساند . هەنگاوەکانی زۆر گرینگ بۆ بەهێزتر کردنی هێز و توانای خەڵکی بۆ بەرێوە بردنی کاروباری خۆیان هەڵگرا . بە ڕێبەری ستاد لە گوندەکان یەکێتیەکانی جووتیاری و پاشان یەکێتی سەرانسەری جووتیارانی توکمەن سەحرا کە هەموو زەحمەتکێشانی ناوچەکە وەک تورکمەنەکان , زابولیەکان و بەلوچەکانی شمول دەکرد , دامەزران . یەکێتیەکانی جووتیارانی ناوچەی تورکمەن سەحرا لەو دەستە ڕێکخستنەکانی خەڵکی کەم وێنە بوون کە یەکگرتووی جووتیارانی گوندەکانی ناوچەکەی دابین دەکرد و هۆکاری هەرە گرینگی بەر پەوچ دانەوەی پیلانگێری دەرەبەگە گەورەکان و پشتیوانانی ئەوان دەژمێر درا . یەکێتیەکانی سەرانسەری جووتیارانی تورکمەن سەحرا هەروەها کۆمەڵێک کارو برای سینفی و سیاسی گوندنشینانی تورکمەن سەحرای ڕادەپەڕاند و خەباتی جووتیارانی ڕێک دەخست . لە ناو ئەم یەکێتیانە نوێنەرانی جووتیارانی گوندەکان خۆیان بە شێوەیکی سەر بە خۆ مەسەلەکان و گرفتەکانیان هەڵدەسەنگان و بۆ چارە سەر کردنیان بڕیاریان دەدا . یەکێتی جووتیارانی تورکمەن سەحرا بوونە هۆی رق و بێزاری دواکەوتووان و کۆنە پەرەستانی ناو حکومەت و گەورە دەرەبەگەکانی ناوچەکە . ئەوان بۆ ساتێکیش دەشتیان لە پیلانگێری بە دژی جووتیاران و شووراکان و یەکێتیەکانی ئەوان هەڵنە گرت . لە ناو شارەکاندا زەحمەتکێشان و پسپوران و کارمەندان , ماموستایان و قوتابیان و لە ناوچەکانی قەراخ دەریاچەی خەزەر ماسی گیران بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنەکانیان بە مەبەستی دیفاع لە قازانجەکانی سینفی خۆیان تێکۆشان. ئاستی تێگەیشتنی سیاسی کۆمەڵانی خەڵک لە جەریانی خەباتی ئەوان بە دژی کۆنە پەرست و دواکەو توویی و ئیمپریالیزم بەرزتر دەبوو .خەڵکی تورکمەن بە پشتیوانی کردنی مادی و مەعنەوی لە بزووتنەوەی گەلی کورد هەستا و بۆ پەیوەندی پتەوتر لە گەڵ گەلی کورد و خەڵکانی تری چەوساوەی

ئێران هەوڵی دەدا . کۆمەڵانی زەحمەتکێشی تورکمەن سەحرا لە بەرانبەر چاوەکانی زاڵمانی پێشوو و دواکەووتویی حاکیم لە شار و گوند لە ڕاستای خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دیموکراتیکی گەلانی ئێران بەردەوام بوون لە سەر حەرەکەتی بەرەو پێشی خۆیان , بەتایبەت خەباتی جووتیارانی زەحمەتکێشی ناوچەکە وەک ئولگوی ڕێنوێنی خەباتی جووتیاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکانی تری ئێران بە دژی گەورە دەرەبەگەکان و پشتیوانانی ئەوان . کۆنە پەرەستان و دواکەوتووانی ناو حکومەت کە پشتیوانی گەورە دەرەبەگەکان بوون , تووشی ترس و دڵەراوکی بوون لە بەرز بوونەوە و پەرەساندنی خەباتی خەڵکی ناوچەکە بە دژی گەورەرە دەرەبەگەکان و بۆ وەدی هاتنی مافە میللیەکانیان .حکومەت و سەرکردەکانی لە ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک لە ناو شووراکان و یەکێتیەکان , لاوانی شارەکان و گوندەکان لە ناو کتێبخانەکانی گوند و شار , ماموستایان لە ناو کانوونی ماموستایانی تورکمەن سەحرا , ئەندازیاران و تەکنیسیەنەکانی دیموکرات و خەڵکی لە ناو کانوونی ئەندزازیاران و تەکنیسیەنەکانی تورکمەن سەحرا , ژنانی تورکمەن سەحرا لە ناو کانوونی ژنانی تورکمەن سەحرا و ... زۆر دەترسان . دواکەوتووان کە ڕووبەرووی بەرز بوونەوە و پەرەساندنی بێ وێنەی بزووتنەوەی خەڵکی لە تورکمەن سەحرا بوون , ڕێگا هەڵی داسەپاندنی شەر بە سەر خەڵکی تورکمەن بۆ سەرکوتی ئەوانی هەڵبژارد و بێ ڕەحمانە خەریکی سەرکوتی بزووتنەوەی خەڵکی خەباتگێری تورکمەن و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵک و سەپاندنی کەش و هەوای ترس و توقاندن بوو تاکو خەباتی خەڵکی کونترۆڵ بکات . ژمارەیێکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوان و ڕۆڵەکانی بوێر و شۆڕشگێری خەڵکی تورکمەن وەک چوار ڕێبەری شۆڕشگێر و فیدایی گەلی تورکمەن , توماج ,مەختوم , واحیدی و جورجانی ی بە بێ دادگایی و بێ دەنگ ئیعدام کرد و بە گومانی خۆی کوتایی ی هێنایە مەسەڵەکە .کردەوەی وەحشیانەی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی لەو کاتە دا لەگەڵ ڕق و بێزاری هێزەکانی پێشکەوتنخوازی سەرانسەری ئێران ڕووبەروو بوو . خەڵکی تێگەیشتوو ئەم کوشتارەیان مەحکوم کرد و هاوپشتی خۆیان لە گەڵ خەڵکی تورکمەن ڕاگەیان . ڕژیم بە دوای سەرکوتی خەڵکی تورکمەن سەحرا , دەستی دایە گرتن و زیندانی کردنی بەربڵاوی خەڵکی ناوچەکە و تێ دەکۆشا وەزعەکە وەک جارانی لێ بکات .بەڵام زەحمەتکێشانی تورکمەن پتەو و بە ئیرادەی پۆلائین لە دەسکەوتەکانیان دیفاعیان کرد . چلەی شەهیدانی خۆیان بە شکۆوە بەڕێوە برد , جەژنی کۆنی گەنمیان بەڕێوە برد و کۆبوونەوەکانی یەکێتیەکان و یەکێتی سەرانسەری لە ژێر سەرنەیزەی پاسدارەکان بەپا کرد . ڕوشنبیرانی شۆڕشگێری خەڵک لە ئاشکرا کردنی سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی حکومەت بۆ ساتێکیش ڕانەوەستان . ڕژیمی کۆنە پەرەستی جەهل و جنایەتی کۆماری ئسلامی لە ناوچەکە لە ڕێگای ئورگانەکانی سەرکوتگەری خۆی وەک سوپای پاسداران و کومیتە و شارەوانی و ژاندارمری و دادستانی و ئورگانەکانی تایبەتی تورکمەنی سەحرا وەک کومیتەی چەک کردنی کە بەرپرسی گرتنی خەباتیگێرانی شۆڕشگێر بوو , ڕوشنبیرانی شۆڕشگێر و پێشڕەوانی گوندەکان و زەحمەتکێشانی تری ناوچەکەی بە بیانوی جۆراجۆر دەسگیر و زیندانی دەکرد .ژمارەیێکی زۆری ڕەوانەی زیندان کرد و بەشێوەی سەدەکانی ناوەڕاست ئەشکنجەیان دا و ژمارەیکیشی ئیعدام کرد . هێندیک لە خەباتگێرانی دیموکرات و بە ناوبانگی دوور خستەوە , زۆر کەسیش ناچار بوون نیشتمانی خۆیان بەجێ بهیلین . ڕژیم لە تورکمەن سەحرا ئێستا کە ئاوا کەش و هەوایکی خوڵقاندووە کە هیچ کەس ناوێری لە ترسی سەرکوت و تیرور دەنگی بەرز بکاتەوە و تەنانەت هیچ ئەمنیەتێک بۆ ژیان و کاری خەڵکی وجودی نیە.سەرکردەکانی خوێن مژی کۆماری ئیسلامی بە تێپەر بوونی 34 ساڵ لە ڕاپەرینی ڕێبەندانی 57 نە تەنها هیچ کام لە داخوازیەکانی جووتیارانی زەحمەتکێش و خەڵکی خەباتگێری تورکمەن سەحرا وەدی نەهێناون , بەڵکو بە خیانەت کردن بە دەسکەوتەکانی ڕاپەرینی ڕێبەندانی 57 بە هەموو شێوەیێک لە بەرانبەریان ڕاوەستان و هەموو هەوڵ و تەقەڵای خۆیان وەگەر خستووە تاکو زەویەکانی وەرگرتوو لە لایەن جووتیارانی تورکمەن سەحرا وەرگرنەوە و ئێمە دەبینین کە سەر لە نوێ زەویەکانی جووتیاران دراوەتەوە گەورە دەرەبەگەکانی هەلاتوو , ساواکیەکان و فەرماندەکانی ئەرتشی پێشوو . و بە تازەیی بە ناردنی خائینانی بە خەڵک بە دەرەوەی وڵات بە بیانوی پەرەپێدانی فەرهەنگی و بەڕێوە بردنی کونسیرت و بەرپا کردنی کانوونەکانی فەرهەنگی تورکمەن تێدەکۆشێ ڕخنە بکاتە ناو کانوونی نوژەن کراوی خەڵکی تورکمەن لە وڵاتانی ئوروپایی و شۆڕشگێران بێ ناوەڕۆک بکات . بەڵام شۆڕشگێران و ڕوشنبیرانی خەڵکی تورکمەن بەریسوا کردنی ئەم کردەوانەی ناپاک و نەفرەت لێکراوی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر دا ڕاوەوستن .

# 2ی ڕێبەندان لە پاش 65 ساڵ

دووی ڕێبەندان بەرانبەرە لە گەڵ 65 مین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری خودموختاری کوردستان , لە ئاوا ڕۆژێکی مێژووئیدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورد دەوڵەتێکی میللی دەسەلاتی بە دەستەوە گرت و ئارەزووە دێرینەکانی گەلی کورد هاتە دی . ئەگەر چی تەمەنی ئەم کۆمارە زۆر کورت بوو , بەلام یادی شکۆداری ئەو لە مێژووی خەباتی گەلی کورد زیندوو ماوەتەوە . کۆماری خودموختاری کوردستان کە باکوور و هندیک لە ناوچەکانی ناوەندی کوردستان بە دەستەوەی بوو , سەرەرای جێ بە جێ کردنی هندێک کردەوەی دیمۆکراتیک وەک فێرکردن بە زمانی کوردی , ئازادی ڕاگەیاندنی بیر و ڕا و بلاو کردنی بلاوکراوە و کتێب بە زمانی کوردی , دانی مافی دەنگدان بە شیوەێکی یەکسان بۆ ژنان , چەکدار کردنی گشتی و پێک هێنانی هێزی "پێشمەرگە " بۆ پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەت و پاراستنی کۆمار و . . . نەیتوانی پەر بە دەسەلاتی خۆی بە سەر هەمووکوردستان بدات و کۆمەلانی زەحمەتکێشی گەلی کورد لە دەوروبەری کردەوەکانی ئەساسی وەک چارەسەری گرفتی زەوی و گۆرینی پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی داسەپاو , کۆ بکاتەوە و سەنگەرێکی قایم بۆ دیفاع لە کۆمار دروست بکات . کۆماری خودموختار لە هەمان سنووری چالاکی خۆی ئاوا کردەوانەی لە مەودای دامەزرانی بۆ پاراستن و بەردەوامی کۆمار جێ بە جێ نەکرد . کۆماری کوردستان ئەگەر چی لە سەرەتاوە توانی بەرپەرچی هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر کۆمار بداتەوە و جێ پێ خۆی قایم بکات و دەوڵەتی مەرکەزی مەجبوور بە قبووڵ کردنی زۆربەی داواکاریەکانی خۆی و گرێنگتر لە هەموویان دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان بکات , بەلام نەیتوانی بە کردەوە جێ پێی ئەم کۆمارە قایم بکات و لە بەرانبەر پیلانگێریەکانی دەوڵەتی مەرکەزی ئامادە بوونی پێویست بۆ هێرشەکانی دوایی ئەو , پێک بێنێ . بۆیە دەسەلاتی دواکەوتووی مەرکەزی سەرەرای پاشەکشەی سەرەتایی , هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی بە کار هێنا تاکو هێرشێکی بەربلاوتر بۆ سەرکوتی کۆماری خودموختاری کوردستان وەرێ بخات . بەلام کۆماری کوردستان لە هەل و مەرجێکی دیاریکراو لە هاوسەنگی نێوان هێزەکان لە سەرانسەری ئێران ڕاگەیاندرا . هەل و مەرجێک کە لەوێدا هاوسەنگی هێزەکان بە شێوەێکی تەواو بە قازانجی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە بوو , هۆکارەکانی عەینی ناوخۆیی و زەمینەی لە باری نێونەتەوەیی هەموو و هەموو کاریگەریان بوو لە سەر سەرکەوتنی کۆمار . بزووتنەوەێک کە بووە هوێ دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کوردستان , لە سەر زەمینەی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکانی سەرانسەری ئێران پاش ڕووخانی دیکتاتۆری ڕەزا شا , پێک هات . بە دوای خەرمانانی ساڵی 1320ی هەتاوی و هاوکات لە گەڵ هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ وڵاتی ئێران ,بناغەی دیکتاتۆری دواکەوتوو بوروکراتیکی دەسەلاتدار هەلوەشا , کەش و هەوایێکی نیوە دیمۆکراتیک پێک هات , بزووتنەوەی خەلکی بە هێز بوو , ئەحزاب وریکخراوەکانی پێشکەوتوو و شۆرشگێر لە سەرانسەری ئێران دامەزران و لە ناو نەتەوەکانی ژێر ستەم کە زۆرترین زەخت و گوشاری دیکتاتۆری ڕەزا شا لە سەر شانی ئەوان بوو بززوتنەوەکانی میللی سەرێ هەڵدا و کۆمەلانی بەربلاوی خەڵک لە دەوروبەری ئەحزاب و ڕەوتەکانی میللی کۆ بوون , کە گرێنگترینی ئەوان بزووتنەوەی میللی لە ئازەربایجان و کوردستان بوو کە لە هەر دووی ئەم ناوچانە پەرەساندنی ئەم بزووتنەوانە بووە هوێ دامەزراندنی کۆماری خودموختار . هوێ سەرەکی سەرکەوتنی بزووتنەوەی میللی لە کوردستان و ئازەربایجان ,زەمینەکانی عەینی بە هێزی ئەم بزووتنەوانە بوو . لە مەودای ژیانی دیکتاتۆری ڕەش , بە تایبەت پاش شکستی شۆرشی مەشرووتە خوازی و دامەزراندنی دەوڵەتی بوروکراتیک _ دواکەوتووی ڕەزا شا , سەرکوتی نەتەوەکانی ژێر ستەم وەک یەکێک لە ئەساسی ترین کردەوەکانی دواکەوتووانەی دژی شۆرش بۆ قایم کردنی کۆڵەکەکانی دەسەلات کەڵکی لێ وەر گیراوە . ئەم سەرکوتە لە زۆربەی شوێنەکانی ئێران ڕووی دەدا , بەلام لە ئازەربایجان و کوردستان لە ئاستێکی بەرزتر و بەربلاوتر بوو . زۆربەی ژەنراڵەکانی دیکتاتۆری داسەپاو بەرز بوونی پلەی خۆیان بە هوێ سەرکوتی نەتەوەکانی ژێر ستەم وەک لە ئازەربایجان و کوردستان بە دەس هێنا بوون . سەرەرای ئەمە , بوونی پەیوەندیەکانی ڕزیوی دەرەبەگایەتی _ عەشیرەیی لە کوردستان و پاشکەوتنی کۆمەلایەتی _ ئابووری ئەم ناوچەیە , و پەرەپێدانی ئەم پاشکەوتنە لە لایەن دواکەوتووی دەسەلاتدار و پاڵپشتی ئەون بە بەشێک لە کۆنە پەرەستانی خەڵکی ناوچەکە , بۆ پاراستنی ئەم بارودۆخە, هەمووو هەمووی زەمینەکانی مادی بوون کە لە هەل و مەرجی پەرەساندنی بزووتنەوەی گشتی , لە ڕاپەرینی گشتی و یەک دەستی کۆمەلانی

خەڵکی کورد خۆی وە دەر دەخست . بەڵام چەوساندنەوەی میللی سەرپۆشێک بە سەر دژایەتیەکانی کۆمەڵایەتی قووڵ و نا لەباریەکانی داسەپاو بە سەر بارودۆخی ئابووری _ کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەو کاتەی کوردستان بوو . بۆیە بزووتنەوەی میللی ساڵەکانی 24 _ 25ی هەتاوی لە کوردستان سەرەرای ئەوەی کە توانی ببێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی میللی و لە هەموو هۆکارەکانی کاریگەر لەم زەمینەیە کەڵک وەرگری , بەڵام بە لە بەر چاو نەگرتنی ئەم راستیە هیچ کات نەیتوانی کردەوەکانی ئەساسی بۆ سەقامگیری سەرکەوتن و بەردەوام بوونی لە داهاتوو بە ئەنجام بگەیێنێ ,گرێگترین لایەنی ئەم لاوازیە خۆی لە بێ دەسەلاتی بە وەلامدانەوەی ئەم کۆمارە بە ئەساسی ترین گرفتی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لەو کاتەدا واتە بابەت و گرفتی زەوی نیشان دا . چ پیکهاتی رێبەری ئەم کۆمارە , چ کردەوەکانی ئەو لە مەودای ژیانی خۆی , نیشانی دا کە کۆمار ناتوانی ئەم کارە جێ بە جێ بکات . ئەم بابەتە کاریگەری ڕاستەوخۆی بوو لە سەر کۆ کردن و ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک بۆ پاراستنی کۆمار و درێژەدان بە تەمەنی ئەو . رێبەرانی کۆمار نەیانتوانی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کورد بە وەلامدانەوە بە داخوازیەکانی دیاریکراویان رێک بخەن . هەر بۆیە نەیانتوانی سەرەرای هەندێک کردەوە , لە مەودای تەمەنی کۆمار , هەنگاوێکی کاریگەر بۆ سەقامگیری ئەو هەڵگرن و پەرە بە سنووری دەسەلاتی خۆیان بدەن , چونکە سەقامگیری کۆمار لە گیرەوی پاڵپشتی هەر چی زۆرتر بە کۆمەلانی چەکدار و رێک خراو بوو . کارێک کە بە کردەوە بە هۆی پێکهاتی چینایەتی رێبەرانی کۆمار نەیانتوانی جێ بە جێی بکەن . بۆیە نەیانتوانی ناوچەکانیتر لە ژێر ئالای کۆمار یەکگرتوو بکەن و شەڕی جیددی و هەموو لایەنە بۆ سەقامگیری دەسکەوتەکانی کۆمار بکەن . کۆماری خودموختار بە بێ دەسەلاتی خۆی لە گۆڕینی پەیوەندیەکانی داسەپاو بە سەر کۆمەڵگای کوردستان و بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەکانی دیمۆکراتیکی ئەساسی لە بواری کۆمەڵایەتی , لە بواری سیاسیش نەیتوانی لە رێک کردنی پەیوەندیەکانی خۆی لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی خاوەن هێزێکی باش بێت و پیلانگێریەکانی یەک بە دوای یەکی حکومەتی مەرکەزی بەرپەرچ بداتەوە . کۆماری کوردستان بۆ پێک هێنانی بەرەیێکی سەرانسەری بەشداری چالاکانەی کرد و لەم بوارەدا سەرەرای هەندێک رێککەوتن لی گەڵ کۆماری خودموختاری ئازەربایجان لە گەڵ هەندێکیتر لە هێزەکانی دیموکرات و شۆڕشگێری سەرانسەری ئێران وت و وێژی کرد . بەڵام ئەم بەرە سیاسیە نەیتوانی کردەوەکانی گرێنگ بۆ گۆرینی هاوسەنگی لە سەرانسەری ئێران بە ئەنجام بگەیێنی . بە تایبەت بە ای سات و سەودا و سازشی

**ئێمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان وەک کۆمەڵگای ئینسانین، بەڵام نە لە رێگای زۆر و ستەم، بەڵکو لەسەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد.**

حیزبی توودە لە گەڵ قەوامولسەڵتەنە سەروک وەزیرانی ئەو کات و بەشداری لە دەوڵەتی دواکەوتوویی , ئەم بەرەیە بێ ئاکام مایەوە . بە هاتنی حیزبی توودە بۆ ناو دەوڵەت , ئەم حیزبە بە کردەوە لە هەر چەشنە دیفاع کردن لە مافی دیاریکردنی چارە نووسی نەتەوەکانی ژێر ستەم , چاو پۆشی کرد و نەک تەنیا بۆ پێ ڕاگەیاندنی ئامانجەکانی شۆڕشگێرانەی کۆماری خودموختار نەیتوانی هەنگاو هەڵگرێ , بەڵکو بە سازش و کوشتنی کات , هەر چی زۆرتر مەجاڵ و زەمینەی بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی میللی لە ئازەربایجان و کوردستان لە لایەن حکومەتی مەرکەزی فەراهەم دەکرد و بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیی دەدا . هەر چەند ئەم حیزبە لە نیوە رێی سازش و پاش گۆرینی هاوسەنگی بە قازانجی دواکەوتوویی لە دەوڵەتی قەوام وە دەر خرا , بەڵام ئەم سازشەی حیزبی توودە بووە هوێ لاوازی ئەساسی کۆمارە خودموختارەکان واتە پاڵپشتی یەک لایەنەی ئەوان بە بابەتی میللی و لە بەر چاو نەگرتنی ئەساسیترین بابەتەکان کە بووە هوێ پێکهاتنی بزووتنەوەکان , و گۆرینی هندێک هۆکاری کاریگەری نیونەتەوەیی کاریگەری خۆی لە سەر مان و نەمانی کۆمارەکان بە جێ هێشت . کۆماری خودموختاری کوردستان لە ڕۆژی 24ی سەرماوەزی ساڵی 1325ی هەتاوی بە بێ بەرگریکی بەرچاو و بە هاتنی ئەرتشی دواکەوتوویی بۆ ناو شاری مەهاباد رووخا و رێبەرانی ئەو پاش دەسگیری ئیعدام کران . ئەگەر چی تەمەنی کۆمار کەم بوو , بەڵام ئەزموونە پڕ لە بایەخەکانی کە لە خۆیەوە بە جێ هێشتووە وەک ئەزموونێکی پڕ بایەخ لە ژیانی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد , خاوەن جێگا و شوێنێکی تایبەتی لە مێژووی خەباتی گەلی کوردە . ئەگەر چی یەکەمین کۆماری خودموختاری کوردستان لە ژێر پۆتینی هێزەکانی سەرکوتگەری دواکەوتوویی داسەپاو و سەرکوتگەران رووخا بەڵام ئارمانەکانی گەلی کورد و خەبات بۆ وەدی هاتنیان زیندوو مایەوە.

## مەرگ , بچووکترین دیاری ئێمە بۆ سەرکەوتنی خەڵکە .هەر مەرگێک پەنجەرەیەکە کە بە سەر نکبەت و تاریکی دادەخرێ .

29 ڕێبەندانی ساڵی 1352ی هەتاوی دڵی پڕ لە عەشق و وەفای خسرەو گولسورخی و هاوخەباتگێری ئەو کەرامەتوڵلا دانەشیان بووە ئامانجی گوللەکانی ئینسان کوژانی ڕێژیمی شا . شا وەک هەموو دیکتاتۆرەکانیتر پێ وا بوو کە بە کوشتنی خاوەن بیران و خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی و بەرابەری , دەردەکانی دەسەڵاتی نگریسی دەرمان دەبێ . دیفاعی ئازایانەی خسرەو گولسورخی و کەرامەتوڵلا دانەشیان و هاوڕێیانیتری ئەوان لە بێدادگاکانی بەرواڵەتی شا و پاشان ئیعدامی ئەوان , سەرەرای خەمێک کە خستە ناو دڵ و گیانی عاشقانی ئازادی و فرمێسکی زۆری بە دوور لە چاوەکانی بەکرێگیراوانی ساواک , لە چاوانی مرۆڤەکانی بە شەرەف و عاشق وەرێ خست , خۆی بە خۆی بووە بریسکەیەک بە سەر ئاگری شاراوە لە ناو دڵی هەزاران و ملیونەها مرۆڤی ئێرانی کە لە خەفەخانی ڕەشی ئەو ساڵانەدا ئارەزووی هەناسەکێشان لە هەوایێکی خاوێنیان بوو. بەڵێ , هەروا کە خسرەو گولسورخی خۆی گوتی . . . دەبێ کە وەک خەزەر خرۆشان بین , خەڵک گوێیان لە هاورێ گولسورخی ڕاگرت و وەک خەزەر خرۆشین . ڕۆژی 29ی ڕێبەندانی 1352ی هەتاوی گوللەباران کردنی گولسورخی و کەرامەتوڵلا دانەشیان بەرانبەرە لە گەڵ فرینی تاکو سەرەوەی ئاسمانی دووبارەی ئەوان و بەناوبانگ بوونیان . و هەرجار بیستنی ناوی ئەوان هێز و توانایێکی بۆ دڵ و قەڵبی مرۆڤــ بوو , بۆ عاشقانی ئازادی و بەرابەری بوو . بەڵێ , هەروا کە خسرەو گولسورخی خۆی گوتی . . . دەبێ کە وەک خەزەر خرۆشان بین , خەڵک گوێیان لە هاورێ گولسورخی ڕاگرت و وەک خەزەر خرۆشین .ڕۆژی



29ی ڕێبەندانی 1352ی هەتاوی گوللەباران کردنی گولسورخی و کەرامەتوڵلا دانەشیان بەرانبەرە لە گەڵ فرینی تاکو سەرەوەی ئاسمانی دووبارەی ئەوان و بەناوبانگ بوونیان . و هەرجار بیستنی ناوی ئەوان هێز و توانایێکی بۆ دڵ و قەڵبی مرۆڤــ بوو , بۆ عاشقانی ئازادی و بەرابەری بوو .

وەصیەتنامەی کەرامەتوڵلا دانەشیان

« خەڵکی ستەم لێکراوی ئێران هەمشیە زۆر لە ڕۆڵەکانی گیان لەسەر دەستی خۆی لە ڕێگای خەبات لە دەس داوە . ئەمە مەرجی هەر خەبات و بزووتنەوەیەکە . لە خۆبردووئیەکان , گیان فیداکردنەکان , و خۆراگریەکان پشتی دوژمن دەشکێنێ. و ئەمە خاوترین خەیاڵە کە بەردەوام ڕۆڵەکانی خەڵک بە هۆی هەستانی شۆرشگێرانە بکوژرێن . بزووتنەوەی هەڵدەستێتەوە , هەموو لایەنە دەبێتەوە و کرێکاران , جووتیاران و توێژەکانی ژێرستەم , خاوەن ژیانی نوێ و بەختەوەر دەبن . مەرگ , بچووکترین دیاری ئێمە بۆ سەرکەوتنی خەڵکە. هەر مەرگێک پەنجەرەیەکە کە بە سەر نکبەت و تاریکی دادەخرێ . و هەر مەرگێک پەنجەریەکی لە نهێنیەکانە کە بە سەر درۆ , خراپەکاری , هەژاری و برسیەتی دادەخرێ . و ئەو کاتە پەنجەریەک دەکرێتەوە کە لەوێدا ڕووناکی ژیان بێتە ژوورەوە.گیانی خۆمان بەم ڕووناکیە بدەین , بەم ڕووناکیە. » فیدایی خەڵک , کەرامەتوڵلا دانەشیان 29ی ڕێبەندانی ساڵی 1352

« یادیان بەرێز و ڕێگایان پڕ لە ڕێبوار »

## پێناکەنم

پێناکەنم...

تا ئەو ڕۆژەی هەژارەکان

مامزی خەندە ڕاو دەکەن

بۆ لێوی لادێ و شارەکان

کە ئەوەم دی ,

ئەوسا منیش وەکوو ئەوان ,

وەکوو شنەی گوڵەگەنم ,

وەکوو ئارەقەی ناوچەوان ,

لە ناخەوە پێدەکەنم .

***

پێناکەنم . . .

پێکەنینم هەرگیز نایێ

تا بە چاوی خۆم نەبینم ,

لە هەر لایێ ,

لافاوی ئاگرپژێنی چەوساوەکان ,

ڕاستبوونەوە و یاخیبوونی

دیل و ئەژنۆچەماوەکان

دەپچڕێنێ کۆت و زنجیر ,

ڕادەماڵێ

گەنجینەی خوا پێداوەکان.

کە ئەوەم دی

ئەوسا منیش , گەرم , بەتاو,

بەستە دەڵێم ,

پێدەکەنم

لە دیار کۆت و بەندی شکاو .

عەبدوڵلا پەشێو

# بمناسبت درگذشت مادرجزنی



اطلاعیه روابط عمومی سازمان

باخبر شدیم که مادر مبارز عالم تاج کلانتری مادر رفیق بیژن جزنی وخواهر سعید و منوچهرکلانتری درشامگاه 21 بهمن 1390درگذشته است . مادر جزنی درسراسر زندگی مبارزاتی خود تا آخرین لحظات زندگی دل درگرو آزادی وعدالت اجتماعی و سوسیالیسم داشت . او بمثابه مادری مبارز همواره به اهداف بنیانگزاران سازمان ، بویژه فرزند خود بیژن وفادارماند و همچون سایر مادرانی که فرزندانی مبارز و کمونیست تحویل جامعه داده بودند ، مشکلات و سختی های بیشمار لازمه گام نهادن درمبارزه برعلیه استبداد ، ارتجاع و سرمایه داری را به جان خرید . ما ،درگذشت مادر جزنی را به به مردم زحمتکش ایران، یاران و همرزمان بیژن، همسرش میهن، فرزندانش بابک و مازیارو دیگر یاران او تسلیت می گوییم.

یادش همیشه گرامی باد

**تحریریه ریگای گه ل انتشار اولین شماره نشریه راه سرخ را به رفقای کمیته داخل کشور سازمان ، دست اندرکاران نشریه راه سرخ و تمامی رفقای فدایی در سطح سازمان شاد باش می گوید. امیدواریم نشریه راه سرخ به تریبون کارگران و زحمتکشان مبارز کشورمان تبدیل گردیده و نقش فعال خویش را بعنوان ارگان کمیته داخل در جهت سازماندهی و آگاه گری توده های تحت ستم کشورمان ایفا نماید .**

**رفقای دست اندرکار نشریه راه سرخ، ما به سهم خود دستهای گرم شما را صمیمانه میفشاریم و پیروزی هر چه بیشتر شما را در پیکار سرخ و انقلابی تان آرزو میکنیم .**

درباره نشریه :

راه سرخ ماه نامه ای است که راس هر ماه منتشر و در اختیار عموم قرار خواهد گرفت . راه سرخ نشریه و زبان گویای تمامی کارگران و زحمتکشان و تمام کسانی است که در راه رهایی طبقه تلاش نموده و تا نفی کارمزدی هرگز از پای نخواهند نشست. از این رو تمامی کسانی که خود را کمونیست می دانند و به سرنگونی جمهوری جهل و جنایت اسلامی و در هم شکستن ماشین سرکوب بورژوازی از طریق قهر توده ای اعتقاد دارند می توانند در این نشریه قلم زده و برای نشر با ارسال مقالات ما را باری رسانند. طبیعی است که مسئول مندرجات مقالات نویسنده مقاله بوده و حق نقد و بررسی برای رفقای تحریریه و بقیه رفقا محترم شمرده میشود. راه سرخ از طریق اینترنت و روش سنتی پخش و در دسترس همه دوستداران طبقه کارگر و آحاد مردم قرار خواهد گرفت.

ماه نامه **راه سرخ** ،نشریه فعالین داخل کشور سازمان اتحاد فدائیان کمونیست منتشرشد

**نشریه راه سرخ و دیگر انتشارات سازمان را از سایتهای کار آنلاین و سازمان دریافت کنید:**

www.fedayi.org

www.kare-online.org

